# راپۆرتی حەوتەم

## سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

## لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان

## ( دەربارەی رەوشی رۆژنامەگەری لە کوردستان )

## ( 2011/1/1 – 2011/6/30 )

# <u>راپۆرتی حەوتەم</u>

**لێژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسیی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان**

**( دەربارەی رەوشی رۆژنامەگەری لە کوردستان )**

**لە** ( 2011/1/1 – 2011/6/30 )

- **پێشەکی**
- **پێشێلکارییەکان**
- **هەڕەشەی کوشتن**
- **دەستگیرکردن ( زیندانی )**
- **لێدان**
- **سزادان ( غرامه )**
- **سوتـاندن**
- **هەوڵی رفاندن**
- **بەدواداچوون**
- **داخستنی دۆسیە**

**پێشەکی:**

لەژێر رۆشنایی بڕیارو راسپاردەکانی کۆنگرەی گشتی دووەمی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان، هەر شەش مانگ جارێك راپۆرتێکی لەسەر رەوشی رۆژنامەگەری لە کوردستان و پێشێلکاری بەرانبەر بە رۆژنامەنووسان بلاۆکردۆتەوە. ئەمەش دواین راپۆرتی لیژنەکەیە تا کۆنگرەی سێهەم. هەر چەندە زۆربەی هەرە زۆری ئەو پێشێلکارییانەی کە لە دووتوێی راپۆرتی حەوتەمدا هاتووە، دوای رووداوەکانی 17ی شوبات، لیژنەی داکۆکی لەبەر هەستیاری قۆناغەکە لە سێ راگەیاندراوی جیادا لە رۆژانی (3/3، 3/29، 2011/6/5) بلاۆیکردۆتەوە، بەلاّم بە پێویستی دەزانین وەکو دۆکیومێنتێك لە راپۆرتی حەوتەم جارێکی دیکە بلاۆیان بکەینەوە لەگەلّ هەندێ پێشێلکاری دیکە کە دواتر روویانداوە.

ئێمە لە لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، نیگەرانین لە خراپ بوونی رەوشی رۆژنامەگەری لە کوردستان، بەتایبەتیش دوای رووداوەکانی 17ی شوبات، کە جگە لەوەی نزیکەی (250) پێشێلکاری جۆراوجۆر بەرانبەر بە رۆژنامەنووسان کراوە، چەند کەناڵێکی راگەیاندنیش هێرشیان کراوەتە سەر و سووتێندراون، لەوانە کەناڵی ئاسمانی (NRT) لە سلێمانی و رادیۆو TV گۆڕان لە هەولێر و رادیۆی دەنگ لە گەرمیان.

هەر چەندە ئێمە لەکات و ساتی خۆی ئیدانەی سەرجەم ئەو پێشێلکارییانەمان کردووە. بەلاّم جارێکی دیکەش جەخت لەسەر ئیدانەی سەرجەم ئەو پێشێلکارییانە دەکەینەوە، لەلایەن هەر کەس و لایەنێك کرابێتە سەر دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەنووسان و بەپێشێلکارییەکی راستەوخۆی یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستانی دادەنێین و داواش لە هەر سێ سەرۆکایەتی (هەرێم و پەرلەمان و حکومەت) و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین کە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی جددی بۆ ئەو رووداو و پێشێلکارییانە بکەن کە لە دووتوێی ئەم راپۆرتەدا بلاۆکراوەتەوەو ئەو کەسانەی کە سەرپێچی یاسایان کردووە سزابدرێن و رووبەڕووی یاسا بکرێنەوە.

چونکە ئێمە لە لیژنەی داکۆکی تا رادەیەکی زۆر نیگەرانین لەلایەنە پەیوەندیدارەکان کە تا ئێستا بەدوادچوونی جددیان بۆ راپۆرتەکانی پێشووی لیژنەی داکۆکی نەکردووە، بە

بەڵگەی ئەوەی تا ئێستا هیچ بەرپرسێك تەنانەت ئاسایشێك یان پۆلیسێكیش لە سەر پێشێلكاری بەرانبەر بە رۆژنامەنووسان سزانەدراوە، كە بێگومان ئەوەش كاردانەوەی خراپی لەسەر ئەزموونی گەلی كوردستان دەبێت، كە پێویستە هەمووشمان لە خەمی بەرەوپێشچوونی ئەزموونەكەو چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەگەری و پرۆسەی دیموكراسی بین لە كوردستان.

لە هەمانكاتدا داوا لە دادوەرەكان دەكەین، تەنها بەپێی (یاسای رۆژنامەگەری لە كوردستان) ژمارە (35)ی ساڵی 2007 مامەڵە لەگەڵ رۆژنامەنووسان و كاری رۆژنامەنووسی بكەن و پابەندبن بە پرۆتۆكۆڵی نێوان سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان و ئەنجوومەنی باڵای دادوەری كە لە 2011/2/17 واژۆكراوە (دەقی پرۆتۆكۆلەكە هاوپێچە لەگەڵ ئەم راپۆرتەدا).

جێگەی باسە بەشێك لەو پێشێلكارییانە بە پێچەوانەی راپۆرتەكانی پێشوو، لەدوای 17ی شوباتەوە لەلایەن ئۆپۆزسیۆن و خۆپیشاندەرانەوە ئەنجامدراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی پێشێلكارییەكان لەلایەن هێزە ئەمنییەكان بەرانبەر بە رۆژنامەنووسان كراون.

بۆیە داوا لە رۆژنامەنووسان دەكەین كە پابەند بن بە یاسای رۆژنامەگەری لە كوردستان و پێوەرە نێودەوڵەتییەكانی كاری رۆژنامەنووسی و بەڵێننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان و پیشەییانە رووماڵی هەواڵ و رووداوەكان بكەن، چونكە ئەوەی جێگەی سەرنجی ئێمەیە لەماوەی رابردوو هەندێك لە رۆژنامەنووسان و كەناڵەكانی راگەیاندن بەرپرسیارانەو پیشەییانە مامەڵەیان لەگەڵ هەواڵ و رووداوەكان نەكردووە.

هەروەك داوا لە رۆژنامەنووسانی كوردستان دەكەین لەكاتی رووماڵكردنی هەواڵ و رووداوەكان پێویستە باجی رۆژنامەگەری سەندیكا یان كەناڵەكەیان بەئێخەوە هەڵبواسن.

لیژنەی داكۆكی
لەئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان
لە سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان
2011/7/1

## یەکەم:

# پێشێلکاریەکان

1. بەپێی سکاڵایەك کە دراوەتە لێژنەی داکۆکی، رۆژی 2011/1/28 لە شاری هەولێر لەکاتی رووماڵکردنی راپۆرتی رۆژنامەوانی، هەردوو رۆژنامەنووس (دیلان رەشاد) پەیامنێرو (ئیبراهیم وەلی) وێنەگر، لە کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس، سەرەڕای وەرگرتنی مۆڵەت لە بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی نەخۆشخانە، لەلایەن پۆلیسەکانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر، جگە لە دەست بەسەرداگرتنی کامێراکە، لێیان دەدرێت و سووکایەتییان پێ دەکرێت.
دواتر لێژنەی داکۆکی بەنووسراوی فەرمی، لایەنە پەیوەندیدارەکانی لێ ئاگادار کردۆتەوە، بەلأم تا ئێستا هیچ ئاکامێکی نییە.

2. بەوتەی رۆژنامەنووس (ئیسماعیل شەمزینی) پەیامنێری کەناڵی سەتەلایتی گەلی کوردستان لە سۆران، کاتژمێر (10:30) خولەکی رۆژی (2011/2/6) دوو چەکداری نەناسراوی دەمامکدراو چوونەتە ناو ماڵەکەی و داوای ناوبراویان کردووە، بەم هۆیەشەوە ناچار بووە ماوەی یەك مانگ ماڵەکەی جێ بهێڵێت. ئەو رۆژنامەنووسە وایدەبینێت ئەو حاڵەتە پەیوەندی بە کاری رۆژنامەنووسییەوە هەبێ، چونکە کێشەی لەگەڵ هیچ کەسێك نەبووە. لەم بارەیەشەوە بەڕێوەبەرایەتیەکانی پۆلیس و ئاسایشی ئاگادار کردوونەتەوەو لە دادگا سکاڵای تۆمارکردووە.

3. رۆژی 2011/2/17 لەئەنجامی رووداوەکانی شاری سلێمانی لەلایەن هێزەکانی وەزارەتی ناوخۆوە، چەندین پێشێلکاریان بەرامبەر رۆژنامەنووسان ئەنجامداوە و هێرشیانکردۆتە سەر رۆژنامەنووس رەحمان غەریب و لێی دەدەن، نامۆ نامیق و هەژار ئازاد دەستگیر دەکەن، هەر ئەو رۆژەش لەشاری هەولێر پەلاماری چەند رۆژنامەنووس لەکەناڵی (ك.ئێن.ئێن) دەدەن رێگایان پێ نادەن وێنە بگرن.

4. بەپێی سکاڵایەك کەلەلایەن بەرێوەبەری رادیۆی زاگرۆس و ئاژانسی پەیامنێر دراوە بەلیژنەی داکۆکی، رایدەگەیەنن بەهۆی روداوەکانی (2011/2/17) شاری سلێمانی و شار و شارۆچکەکانی تر لەلایەن لایەنگرانی ئۆپۆزسیۆنەوە رێگا نادرێ بەرۆژنامەنووسان

و پــەیامنێرانی رادیۆکــەیان و ئاژانســی پــەیامنێر و نــاتوانن بــەلۆگۆی ئــەم دوو کەناڵــەوە کارەکانیــان ئــەنجام بــدەن تەنانــەت هێرشیاندەکرێتەســەر و ســوکایەتیان پــێ دەکرێــت بەتایبەتی لەبەردەم سەرای شاری سلێمانی .

5. رۆژی 2011/2/17 بارەگای رۆژنامەی هاوڵاتی و ستافەکەی بەهۆی ئەو هەرەشانەی لێیانکرابوو چۆڵکرا.

6. رۆژی 2011/2/17 رۆژنامەنووسان هێمن لەتیف پەیامنێری سایتی دەستور و رۆژنامەی چاودێر، ئاری محەمەد لەئاژانسی وێنەی میترۆگرافی لەبەردەم لقی چواری (پ.د.ك) لەسلێمانی بریندرابوون و پاش رەوانەکردنیان بۆ نەخۆشخانە چارەسەریان بۆکرا.

7. رۆژانی 19–2011/2/21 رۆژنامەنووسان وریا حسێن و بەختیار حسێن پەیامنێرانی سەتەلایتی پەیام لەکاتی رومالْکردنی خۆپیشاندانەکانی سلێمانی لەلایەن تیمی پۆلیسی چالاکە مەدەنیاکانەوە لێیان دەدرێت و کامێراکەشیان کەلەجۆری سۆنی ( dvkam 170)ملم دەشکێنرێت. لەم باریەوە بەرپرسانی تەلەفزیۆنی پەیام بەلیژنەی داکۆکیان راگەیاند سەرەرای پەلاماردانی پەیامنێرەکانمان لەچەند رۆژی رابردوودا بە ژمارە مۆبایلی جیاجیا هەرەشە لەکەناڵەکەمان کراوە.

8. بەپێی سکاڵایەك کە لەلایــەن کــەناڵی ئاسمــانی زاگــرۆس، دراوە بــە لیژنــەی داکــۆکی لەســـەندیکای رۆژنامەنووســـانی کوردســـتان لـــەرۆژانی (17–2011/2/20) لەشـــاری سلێمانی لەلایــەن هاوڵاتیــان و خۆپیشــاندەرانەوە هێرشــکراوەتە ســەر چــوار پــەیامنێر و وێنـــەگری کەناڵەکـــە و ئـــازاردراون و رێگریـــان لێ کـــراوە بـــۆ رومـــاڵکردنی هەواڵـــەکان کەپێکهاتبوون لە (نەبەز محەمەد شکور، هۆشــەنگ جــەلال، جــەمال محەمــەد، تــارا بــایز ئاغا) سەرەرای ئەوەی سوکایەتیان پێکراوە. هەوڵدراوە لێیانبدرێ و ئازاریان بدرێ.

9. رۆژی 2011/2/20 لەلایەن هێزەکانی وەزارەتی ناوخۆ لەشارۆچکەی کەلار پەلاماری رۆژنامەنووس گەرمیان حەمە پور پەیامنێری (ك.ئێن.ئێن) دەدرێت و کامێراکەی لێ

دەستێنرێت ئازاریان داوە. لەمبارەیەوە گەرمیان بەلیژنەی داکۆکی راگەیاند کە تەنها دەمویست هەواڵەکان رووماڵ بکەم و هیچی تر.

10. رۆژی 22 / 2 / 2011 لەکاتی رووماڵکردنی خۆپیشاندانەکان لەنزیك بینای بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی هەڵەبجە ، لەلایەن چەند کەسێك کە جلی مەدەنیان لەبەردابوو، هێرش کرایە سەر رۆژنامەنووس " ئارام نەجیم " ی پەیامنێری کەناڵی KNN و هەڕەشەی لێکراو لەلایەن چەند هاوڵاتیەکەوە دوور خرایەوە.

11. رۆژی 2011/2/25 لەکاتی خۆپیشاندانەکانی شاری چەمچەماڵ لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە پەلاماری (بێستون حەمید فەرەج) پەیامنێری سەتەلایتی کوردستان دەدرێت و ئازاری دەدەن.

12. بەپێی سکاڵایەك کەلەلایەن مەکتەبی راگەیاندنی بزوتنەوەی ئیسلامی دراوە بەلیژنەی داکۆکی رۆژی (2011/2/28) لەشاری هەولێر و لەبەردەم تەلاری پەرلەمانی کوردستان لەلایەن هێزێکی ئاسایشەوە پەلاماری پەیامنێرێکی راگەیاندنی بزوتنەوە دەدرێت بەناوی (نەجمەدین عەلی ئەحمەد) پاش ئەوەی هێرشدەکەنە سەری و سوکایەتی پێ دەکەن دەیبەنە ئاسایش و ریکۆردەرەکەشی لێ دەستێنن.

13. بەپێی چەند سکاڵایەك کە دراون بەلیژنەی داکۆکی لەئازادی رۆژنامەنووسی لەلایەن سەتەلایتی گەلی کوردستانەوە لەرۆژانی (2011/3/3 تا 2011/3/29) چەندین پێشێلکاری بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان و وێنەگر و پەیامنێرانی کەناڵەکە کراوە و لەشاری سلێمانی لەمزگەوتی حاجی حەسەنی گڵە زەردە لە سەرکارێز پەلاماری تیمێکی کەناڵەکە دەدرێت کەپێکهاتبوون لە (زمناکۆ عەلی وێنەگر، ئارام عەبدوڵڵا یاریدەدەری کامێرا، شۆفێری ئۆتۆمبێلی تیمەکە) لەکاتی تۆمارکردن و وێنەگرتنی وتاری هەینی لەو مزگەوتە کە لەلایەن بەشێك لە نوێژ خوێنانی ئەو مزگەوتەوە پەلامار دەدرێن و روبەروی هەڕەشە و ئیهانەکردن دەبنەوە و کاسێتی تۆمارکراوی وتارەکەشیان لێ دەستێنن.

لەلایەکی تریشەوە بەپێی ئەو سکاڵایانە چەند تیمێکی سەتەلایت لەناو مزگەوتەکانی شاری سلێمانی و شار و شارۆچکەکانی کوردستان پەلامار دراون و رێگریان لێ کراوە.

14. بەپێی سکاڵایەك کەلەلایەن بەرێوەبەری کەناڵی ئاسمانی سپێدەوە دراوەتە لیژنەی داکۆکی رۆژی (2011/3/5) لەشاری رانیە لەلایەن چەند کەسێکی چەکدارەوە پەلاماری هەردوو رۆژنامەنووس (بارزان ئازاد و عومەر محەمەد) دەدرێت و هێرشیان دەکرێتەسەر.

15. بەپێی سکاڵایەك لەکەلایەن رۆژنامەنووس (مەریوان عەبدوڵڵا عەزیز) پەیامنێری کەناڵی کوردسات لەشاری سلێمانی دراوەتە لیژنەی داکۆکی رۆژی (2011/3/5) لەکاتی رومالکردنی هەواڵەکان لەبەردەم سەرای شاری سلێمانی لەلایەن چەند کەسێکەوە هێرشکراوەتە سەری و پەلامار دراوە و کەرەسەکانی بواری رۆژنامەوانی لێیدەستێن و دەستی بەسەردا دەگرن تەنها لەبەر ئەوەی دەیویست رومالی هەواڵ و خۆپیشاندانەکان بکات.

16. بەپێی سکاڵایەك کەلەلایەن ئەنجومەنی بەرێوەبردنی رادیۆی دەنگ دراوە بەلیژنەی داکۆکی رۆژی (2011/3/9) هێزێکی دەمامکداری ئاسایش پەلاماری رادیۆ و کارمەندەکانی دەدەن و سوکایەتیان بەکارمەندەکانیان کردوە، لەکاتێکدا پێش دوو رۆژ هەر رادیۆکەی ئێمە لەلایەن هێزێکی چەکدارەوە هێرشی کراوەتە سەر و تاڵان کراوە، لەم بارەیەوە رادیۆی دەنگ داوای هاوکاری کردوە کە لەماوەی هەفتەیەکدا دوو جار هێرشدەکرێتە سەر رادیۆکەیان و داوای بەسزا گەیاندنی ئەو کەسانە دەکات کە سوکایەتیان بەرامبەر رادیۆ و کارمەندانی کردووە.

17. رۆژی 9 / 3 / 2011 لەکاتی رووماڵکردنی هەواڵی یادی راپەڕین لەناحیەی رزگاریی ، " مستەفا عەبدوڵڵا " ی پەیامنێری کەناڵی پەیام و کامێرامانەکەی هێرشیان کرایە سەرو کامێراو مۆبایلەکەیان لێسەندن ، هەروەها رۆژی 31 / 3 / 2011 هەمان

ستاف لەشاری کەلار لەکاتی رومالکردنی خۆپیشاندانەکاندا جارێکی تر کامێراو مۆبایلەکەیان لێسەندونەتەوە .

18. بەپێی سکالایەك کەلەلایەن رۆژنامەی چەترەوە دراوە بە لیژنەی داکۆکی پاشنیوەڕۆی (2011/3/16) لەکاتی وێنەگرتن و بەدواداچوونی کێشەی چەند کەسێك لەکوردستانی رۆژهەلات لەلایەن چەند پاسەوانێکی نشینگەی سلێمانیەوە هێرشدەکەنە سەر هەردوو رۆژنامەنووس (کاروان سالار سەرنوسەری رۆژنامەکە، یاسر گولی) و پاش دەستبەسەرکردنیان دەگوێزرێنەوە بۆ ئاسایش و پاش سڕینەوەی وێنەکانی کامێراکەیان ئەو شەوە ئازاد دەکرێن.

19. بەپێی سکالایەك کە دراوەتە لێژنەی داکۆکی، رۆژی 2011/3/21 لەبەر دەرکی سەرای سلێمانی ژمارە (44)ی گۆڤاری چرکە لەلایەن رۆژنامەنووس و ئەندامی ئەنجوومەنی سەرای ئازادی (سۆران عومەر) دەدرێنرێت کە وێنەی دڕاندنەکە لەگەل سکالاکە وەکو بەلگە هاوپێچکراوە، لەلایەن سەرنووسەری گۆڤارەکەوە دراوەتە لێژنەی داکۆکی، هەروەك لەلایەن مامۆستایەکی ئاینیشەوە فتوای کوشتنی ستافی گۆڤارەکە دراوە.

20. لەرۆژی 22 / 3 / 2011 لەکاتی رومالکردنی خۆپیشاندانەکانی هەلەبجەدا ، لەلایەن هێزێکی ئەمنیەوە لە بازاڕی هەلەبجە تیمی کەنالی KNN کە پێکهاتبوون لە " ئارام نەجیم " پەیامنێرو " هانا سدیق " کامێرامان هێرشیان کرایە سەرو دوای لێدان و سوکایەتی پێکردن ، بەهۆی خەستی لێدانەکەوە رەوانەی نەخۆشخانەی هەلەبجە کران ، هەر لەو هێرشەدا کامێراو پێداویستیەکانی تیمەکە شکێنران .

21. رۆژی 2 / 4 / 2011 کەسانێکی نەناسراو لە گەڕەکی زەرگەتەی شاری سلێمانی دەچنە سەر مالی رۆژنامەنووس " شیروان محەمەد ئەمین " سەرنووسەری سایتی " جودی نیوز " – کە تایبەتە بە ئاینە جیاوازەکان لە کوردستان – و لاپتۆپ و مۆبایلەکەی دەدزن و سەرەڕای هەبوونی پارەو شتی تریش دەست بۆ هیچ شتێکی تر

نابەن .. بە وتەی ناوبراو لاپتۆپەکەی کاری سایتەکەی تێدا کردووەو هەموو ئەرشیفی وێنەو بابەت و رەشنوسی کتێبێکی گەورەی لەسەر ئێزدیەکان تێدابووە ، کە لە هیچ شوێنێکی تر وێنەی هەڵنەگیراوەو هەمووی فەوتاوە .

22. سەعات ( 2.15 ) پاش نیوەڕۆی رۆژی 19 / 4 / 2011 رۆژنامەنووس " فەرمان مەلا حەسەن " ی پەیامنێری رۆژنامەی رووداو و گۆڤاری چرکە لەناو پارکی رانیەدا لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە رێگریی لە رومالکردن و وێنەگرتنی لیّ دەکرێت و تووشی هەڕەشە دەبێت ، هەمان رۆژ دوو جار دەکەوێتە بەر بەردی خۆپیشاندەران و بەسوکیی برینـدار دەکرێـت . هـەروەها رۆژی 20 / 4 / 2011 نـاوبراو لـەکاتی وێنـەگرتنی ئـەو هێزانەی کە لە شاری رانیەدا بوون لەلایەن پۆلیس و ئاسایشەوە هێرشی دەکرێتە سـەرو ناهێڵن ئەرکەکەی جێبەجێ بکات .

23. بەپێی سکالایەك کە دراوە بە لیژنەی داکۆکیی لە رۆژی 19 / 4 / 2011 هێزێکـی سەربازیی لە گەڕەکی کازیوەی شاری سلێمانی گەمارۆی کەناڵی ئاسمانی پـەیام دراوە ، لایەنگرانی کەناڵەکەش بۆ پاراستنی کەناڵەکـە پشـتێنەیەکی مرۆییـان پێکهێنـا. سـەعات (8) ی شەوی 26 / 4 / 2011 لە لایەن دەستێکی نادیارەوە دوو دەستڕێژی گوللە لە بینای کەناڵەکەو پشتینە مرۆییەکـەی کـرا ، هەرچـەندە ئـەو دەسـتڕێژانە زیانیـان نـەبوو بەڵام حاڵەتێکی نائارامی دروست کردو چەند گوللەیەکیش بەر بینای دراوسێی کەناڵەکـە کەوت و بۆ هەمان مەبەست لیژنەی داکۆکی سەردانی بەرپرس و کارمەنـدانی کەناڵەکـەی کرد و پشتیوانی نەقیب و ئەنجومەن و لیژنەی داکۆکی بۆ کەناڵەکە دەربڕی.

24. بەپێی سکالایەك کەلەلایەن سەرنوسەری گۆڤاری چرکەوە دراوە بە لیژنەی داکۆکی لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵێك لە ژمارە (43)ی گۆڤارەکەیاندا، لەلایەن راگەیاندنی پارتی پارێزگارانی کوردستانەوە هێرشکراوەتە سەریان و هەرەشە لەپەیامنێرەکەیان (کەنار کۆیی) دەکرێت و لەلایەکی ترەوە لەبەر دەرکی سەرای سلێمانی هەڕەشە لەپەیامنێری گۆڤارە دەکەن و گۆڤارەکەی دەسوتێنن و رێگا نادەن رومالّی هەواڵەکان بکات.

25. ڕۆژی 25 / 4 / 2011 لەکاتی ڕومالکردنی مانگرتنی خوێندکاران و قوتابخانەی سلێمانی کچاندا ، شەش کەسی چەکدار هێرشیان کردە سەر تیمی کەناڵی ئاسمانیی پەیام کە پێکهاتبوون لە " وریا حوسەین " پەیامنێرو " نەوزاد ئەحمەد " کامێرامان و " ئیدریس " شۆفێر ، کامێراو مایك و ستاندیان دەبەن .

26. بەپێی سکاڵایەك کە دراوە بە لیژنەی داکۆکیی ، لەسەر سکاڵایەکی پەرلەمانتارێکی پێشووی کوردستان ڕۆژی 3 / 5 / 2011 بە پێی مادەی 62 برگەکانی (3) و(5) لەلایەن (منفذ عەلی) دەست بەسەرداگرتنی کەلوپەلی ڕۆژنامەی " ڕووبەر " دا، لەبەر ئەوەی ئەو بڕیارە پێچەوانەی یاسای کاری ڕۆژنامەوانیی ژمارە ( 35 ) بوو کە نابێ کەلوپەلی پیشەیی دەستی بەسەردا بگیرێت و ڕۆژنامە دابخرێت ، هەر بۆیە دوای تۆمارکردنی سکاڵا لەلایەن جێبەجێکاری دادی باڵاوە، بە هاوکاری سەندیکا و لیژنەی داکۆکی ، ڕۆژی 9 / 5 / 2011 ئەو بڕیارە هەڵوەشێنرایەوە.

27. بەپێی سکاڵایەك کە دراوە بە لیژنەی داکۆکیی ، دوای نوسینی وتارێك لەسەر باری کارگێڕیی لە قایمقامیەتی شەقڵاوە ، کە لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنیی(www.shaqlawapost.com) دا بڵاوکرایەوە ، ( دلاوەر ئۆمەر ئەبوبەکر) قایمقامی شەقڵاوە بە تۆمەتی ناوزڕاندن داوای یاسایی لەسەر هەریەکە لە " رزگار شەمعون " سەرنووسەری پێگەکەو ڕۆژنامەنووس " فەرهاد عەولا ئەحمەد " تۆمار دەکات . ڕۆژی 9 / 5 / 2011 ئەفسەری لێکۆڵینەوەی ئاسایشی هەولێر بە یاوەریی مەفرەزەی خۆی و هێزێکی پۆلیس و ئاسایشی شەقڵاوەو هەردوو موختاری گەڕەکەکانی بێسرمەو کاوانیان دەچنە سەر ماڵی هەردوو ڕۆژنامەنووس و دەست بەسەر ( 3 ) لاپتۆپ و دیسك تۆپ و مۆبایلەکانیاندا دەگرن ، ڕۆژی 10 / 5 / 2011 دادگای دووی لێکۆڵینەوەی هەولێر دوای لێکۆڵینەوە هەردوو ناوبراو بە بڕی ( 1 ) ملیۆن دینار بە کەفالەت ئازاد دەکات .

28. بەپێی سکاڵایەك کەلەلایەن هەردوو ڕۆژنامـەنووس و پـەیامنێری ڕادیـۆی مەڵبەنـدی 2ی (ی.ن.ك) (نوێنەر فاتح ئەحمەد و خاڵدار قاوەڵی) دراوەتە لیژنەی داکۆکی و لەلایەن سـکرتێری لقـی کـەرکوکی سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـان پشـت ڕاسـتکراوەتەوە لـەکاتی ڕوماڵکردنی خۆپیشاندانەکانی بەردەم پارێزگـای کـەرکوك لەلایـەن پۆلیسـەکانی دیـوانی پارێزگاوە دەستدرێژی کراوەتـە سـەریان و کامێراکـەیان لـێ دەسـتێنن و بەگێرەشـێوێن ناویان دەبەن و ئازاریان دەدەن.

29. بە پێی سـکاڵایەك کـە ڕۆژنامـەنووس " ناسـیح عەبـدوڕەحیم " داویـە بـە لیژنـەی داکــۆکیی ، دوای ئــەوەی دادوەر " ســۆران ئیــبراهیم عــارف " ی دادوەری دادگــای سەیدسادق لەسەر دۆسیەکەی بەپێی یاسـای کـاری ڕۆژنامـەوانیی بڕیـاری بێتـاوانیی بـۆ ناوبراو دەردەکات ، دواتـر کـە دۆسـیەکە دەنێردرێـت بـۆ دادگـای تـەمیزی کوردسـتان ، دادوەر "سەروەر زرار ڕەشید" ئەو بڕیارە هەڵدەوەشـێنێتەوەو فـەرمان دەدات بـە پێـی یاسای سزادانی عێراقیی ژمارە 433 دادگایی بکرێتـەوە ، کـە بـەپێی ئـەو یاسـایە سـزا دەدرێت و ئەمەش دژی یاسای ڕۆژنامەگەریـە. لەمبارەیـەوە ناسـیح عەبـدولر ەحـیم لبـە لیژنەی داکۆکی ڕاگەیاند لە مانگی حوزەیراندا دادگا بڕیاریداوە گەر تا سێ ساڵی تر هـەر سکاڵایەکی لەسەر تۆماربکرێت ئـەوان بڕیـاری زینـدانی و دەسـتگیرکردنی دەدرێت. کـە ئەمەش دژی یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە (35)ی ساڵی (2007).

**دووەم:**

## هەڕەشەی کوشتن

1. رۆژی 2011/2/17 رۆژنامەنووس شوان محەمەد سەرنوسەی ئاوێنە هەرەشەی کوشتنی لێدەکرێت لەکاتی وێنەگرتنی خۆپیشاندەران.

2. بەپێی سکاڵایەك کە داویەتە لیژنەی داکۆکی رۆژنامەنووس، بەرزان عەلی حەمە پێی راگەیاندین کە ئێوارەی 2011/2/23 لەشاری هەولێر کەسێك هەرەشەی کوشتنی لێکردووم وە دواجار بەژمارە تەلەفونی (07503915359) چەندین جار هەرەشەم لێکراوە، لەمبارەیەوە لیژنەی داکۆکی هاوکاری رۆژنامەنووسەکەی کردوە و ئەنجومەنی سەندیکای لێ ئاگادار کردۆتەوە.

3. رۆژی (2011/2/24) لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە بەژمارە مۆبایلی (07703970598) هەڕەشەی کوشتن لەرۆژنامەنووس لەتیف فاتح فەرەج سکرتێری لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنووسان دەکرێت.

4. بەپێی ئەو سکاڵایانەی کە دراوەتە لیژنەی داکۆکی رۆژنامەنووسانی کەناڵی سپێدە لە گەرمیان و چەمچەماڵ روبەرووی مەترسی بونەتەوە. لەم بارەیەوە هەرەشە لە بێستون ژاڵەیی بەرپرسی نوسینگەی گەرمیانی سەتەلایەتەکە هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە. هەروەها هەڕەشە لەسوارە بیلالی پەیامنێری سپێدە لەچەمچەماڵ کراوە. لەدرێژەی ئەو بارودۆخەی هەرێمی کوردستاندا هەریەکە لەرۆژنامەنووسان سەنگەر حەمید، سەرکەوت سەلام، پشتیوان جەلال، لەکەناڵی ئاسمانی سپێدە لەرۆژانی 25-2011/2/26 روبەرووی لێدان و هەرەشە و پێشێلکاری بونەتەوە.

5. ڕۆژی 4 / 3 / 2011 بەژمارە مۆبایلی " 07503987439 " بە چەندین نامەی هەڕەشە ئامێز ، پەیامنێری هەولێری کەناڵی KNN ئاگادار کراوەتەوە کە ئەگەر واز نەهێنێت لەبەردەم هەڕەشەی کوشتن دایە.

6. بەپێی سکاڵایەك کە لەلایەن سەتەلایتی گەلی کوردستانەوە دراوە بەلیژنـەی داکـۆکی شەوی (2011/3/7) لەشاری پێنجوێن هەڕەشە لە (ئاکۆ کـەریم) پـەیامنێری کەناڵەکـە لەپێنجوێن کراوە لەسەر بڵاوکردنـەوەی هـەواڵێك کـەباس لەتەقـەکردنی دوو هەڵسـوڕاوی گۆڕان لەئاسایش و پۆلیس دەکات. بەپێی قسەکانی ئاکۆ چەندین جـاری تـر هەڕەشـەی کوشتنی لێکراوە ئەگەر لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵانە بەردەوام بێت.

7. ڕۆژی 16 / 3 / 2011 لەکاتی بەڕێوەچوونی یادی کیمیایی بارانی هەڵەبجەدا تیمی KNN لـە لایـەن هێزێکـەوە کـە جلـی ڕەشـیان لەبـەردابوو ڕووبـەڕووی پـەلاماردان و هەڕەشەی کوشتن بوونەوە ، دواتر گۆڕەپانی یادەکەیان بەجێهێشت .

8. ڕۆژی 2011/3/22 ڕۆژنامەنووس (بەرقی ئیسلام) پەیامنێری کەناڵی سپێدە لەگەڵ خانەوادەکەی لە نزیك (شیلادزێ) دەدرێتە بەر دەسترێژی گوللەو هەشت گوللە بە ئۆتۆمبێلەکەی دەکەوێت لەمردن ڕزگاری دەبێت، خۆشبەختانە خۆیان سەلامەت دەبن.

9. بـەپێی سـکاڵایەك کەلەلایـەن گۆڤـاری زنـار و سەرنوسـەرەکەیەوە دراوە بەلیژنـەی داکـۆکی شـەوی $\frac{25}{26}$ /2011/3 لەشـاری ڕانیـە بەمەبەسـتی کوشـتنی نـاوبراو تەقـە لەڕۆژنامـەنووس (قـادر ئەحمـەد عومـەر) ناسـراو بـە هـەڵگورد دەکرێـت دوو فیشـەکی بەردەکەوێت و بەسەختی بریندارى دەکەن و بەوتەی ناوبراو هەوڵدراوە بیکوژن. لیژنـەی داکۆکی پەیوەندی بە ناوبراو کرد و ئامادەیی هەموو هاوکاریەکی بۆ دەربڕی.

10. بە پێی سکاڵایەك کە دراوە بە لیژنـەی داکـۆکیی ، لـە نێـوان سـەعات ( 11.30 – 12 ) ی شەوی 3 / 4 / 2011 بەژمارە تەلەفۆنی کۆڕەك " 07503706605 " بـە

کورتە نامـەی ئـەلیکترۆنیی هەڕەشـەی کوشـتن لـە ڕۆژنامـەنووس " مـەریوان مـەحموود کاکەشێخ " ناسراو بە مەریوان نەقشبەندی دەکرێت و قسەی ناشـیرینی پـێ دەوترێـت ، بەشێك لەنامەکان لای ناوبراو پارێزراون .

11. سەعات ( 11.7 ) ی شەوی 13 / 4 / 2011 دوای بڵاوکردنـەوەی ڕاپۆرتێـك لـە تەلەفزیۆنی ئایندەی (ی.ن.ك) ، "کاروان یاروەیس" ی بەڕێوەبەری کەناڵەکە لـە لایـەن " مەحمود شێخ وەهاب " ی بەرپرسی مەکۆی گۆڕانەوە بە مۆبایل تەلەفۆنی بۆ دەکرێت و هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکرێت.

12. بەپێی سکاڵایەك کە دراوە بە لیژنـەی داکۆکی، ڕۆژی 28 / 4 / 2011 لەڕێگـەی ژمارە مۆبایلی ئاسیا ( 07714883241 ) بە کورتە نامەیـەك هەڕەشـەی کوشـتن لـە ڕۆژنامەنووس " حەکیم حەمەد ئەحمەد " دەکرێت و داوای لێ دەکرێت واز لە پیشـەکەی بهێنێت .

13. بەپێی سکاڵایەك کە ئاراستەی لێژنەی داکۆکی کراوە، دوای بڵاوبوونەوەی ژمـارەی (50)ی گۆڤاری چرکە ڕۆژی 2011/6/18 بـە ژمـارەی مۆبـایلی (07501905086) هەڕەشەی کوشتن لەستافی گۆڤاری چرکە کراوە.

14. بـەپێی سـکاڵایەك کـە دراوە بەلیژنـەی داکـۆکی بەچـەند ژمـارە مۆبـایلی جیـاواز هەرەشەی کوشتن لە ڕۆژنامەنووس (ئەبوبەکر حوسێن) دەکرێت.

15. بـەپێی سـکاڵایەك کەدراوەتـە لیژنـەی داکـۆکی ڕۆژنامـەنووس (سـەلاح سـەدباری) بەلیژنەکەی ڕاگەیاند: بەهۆی پێشکەشکردنی بەرنامەیەك لەتەلەفزیۆنی زاگرۆس چـەندین هەڕەشە و سوکایەتیم پـێ کـراوە تەنانـەت هەڕەشـەی کوشتنیشـیان لێ کـردوم. بـەپێی وتەی ناوبراو بەڵگەی ڕاستی لەبەردەستدایە لەم بارەیەوە.

16. بەپێی سکاڵایەك کە دراوەتە لیژنەی داکۆکیی ، ماوەیەکە لە لایەن ژمارە مۆبایلی "07704563475" وە هەڕەشـــەی کوشـــتن لـــە رۆژنامـــەنووس " ئـــارام فـــەریق عەبدولجەبار " ناسراو بە ئارام کەرکوکیی دەکرێت ، کە ئەگەر بەردەوام بێت لەسەر نووسینەکانی.

17. بەپێی لێدوانی سەرنوسەری گۆڤاری هۆنیا ئارام مەلا محەمەد لەلایەن پۆلیسی سەیدسادقەوە بانگکراوە وابڕیاربوە دەستگیری بکەن تا رۆژی یەکشەممە، بەڵام بەهۆی هەوڵی لیژنەی داکۆکیەوە بەکەفالەت ئازاد دەکرێت.
ناوبراو ئەوەشی بەلیژنەی داکۆکی راگەیاند کە پێشتر چەندین جار بەتەلەفون هەڕەشە و هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە.

**سێ یەم:**

## **دەستگیرکردن (زیندانی)**

1. بەپێی سکاڵایەك کەدراوە بەلیژنەی داکۆکی رۆژنامەنووس (عەلی مەحمود محەمەد) رۆژی 2011/2/4 لە سەر داوای پۆلیسی خانەقا ، لە کاتێکدا لە نەخۆشخانەی رزگاری خەریکی ئەنجامدانی کاری خۆی بووە لە لایەن چەند پۆلیسێکەوە دەستگیرکراین کە 2 نەقیبی پۆلیسیان لەگەڵدا بووە، ماوەی 24 کاتژمێر لە زیندان مامەوە رۆژی 2011/2/5 بە کەفالەت ئازاد دەکرێن، بەهۆی وەرگرتنی ئیجازەی خۆپیشاندان بوو دژ بە ئیعدامی چالاکڤانانی سیاسی و مەدەنی و رۆژنامەنوسانی کورد لە باشووری کوردستان .

لەلایەکی ترەوە رۆژی 2011/3/16، لە یادی تاوانی هەڵەبجە لە کاتێکدا بڕیاری مانگرتنێکی 4 کاتژمێری دابوو بە تەنیا لە پێناو 4 داخوازی کە پەیوەندیان بە ژیانی قوربانیان و دادگایی تۆمەتبارانی هەڵەبجەوە هەبوو، بە بێ وەرەقەی دادگا لە لایەن مەفرەزەیەکی پۆلیسی فریاکەوتنەوە دەستگیردەکرێت و بە زۆر سواری ئۆتۆمۆبێل دەکرێت، تا کۆتایی وادەی مانگرتنەکەم لە پۆلیسی فریاکەوتن دەیهێڵنەوە.

هەروەها رۆژی 2011/6/8 لە تەلەفۆنی ژمارە 009647805863‌3ەوە 3 نامەم پێگەیشت ، لە هەرسێکیدا باسی ئەوە دەکەن کە کۆبونەوەم لە ماڵەکەم ئەنجامداوەو تۆمەتباریان کردوە بە کارکردن بۆ یەکێتی و شیوعی و گۆڕان و هەڕەشەی کوشتنیان لێکردوە، لە کاتێکدا ئێمە دوورو نزیك باسی سیاسەتمان نەکردووە، جگە لە باسی سەفەر بۆ پارلەمان و قسە کردن لەسەر ریفراندۆم. ئەمەش دەربڕی ئەوەیە ماڵەکەمیان خستۆتە ژێر چاودێرییەوە ، کە ئەمە زۆر دوورە لە پرنسیبەکانی دیموکراسییەت .

2. بەپێی سکاڵایەك کەلەلایەن رۆژنامەی هاوڵاتی، گۆڤاری ستاندار و رۆژنامەنووسەکەوە دراوە بەلیژنەی داکۆکی رۆژی (2011/2/27) رۆژنامەنووس (ئالان فریاد یونس) کە پەیامنێری هەردوو کەناڵەکەیە لەشاری هەولێر لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیردەکرێت و دواتر ئازاد دەکرێت.

3. رۆژی 25 / 3 / 2011 " ئـەمیر ئەبوبـەکر سـالّح " ی کامێرامـانی کـەناڵی KNN بەفەرمانی دادوەر لەلایەن هێزێکی پۆلیسەوە بە تۆمەتی ئەوەی گوایە لەبەردەمی بازاڕی نیشتماندا قسەی ناشیرین و جنێوی داوە دەستگیر دەکرێت و دوای دوو سـەعات ئـازادی دەکەن، ئەمە لە کاتێکدایە بەپێی پشـتگیریی نوسـینگەی هـەولێری کەناڵەکـە ئـەو رۆژە ناوبراو لە دەوامی ئاسایی خۆیدا بووە.

4. بەپێی سکاڵایەك کـە دراوەتـە لێژنـەی داکـۆکی، رۆژی 2011/4/18 رۆژنامـەنووس (بەهمـەن عومـەر) دەسـتـەی نووسـەرانی گۆڤـاری سـڤیل لەبـەردەم مزگـەوتی (رەشـاد موفتی) لەکاتی وێنەگرتنی هەواڵی هەولێی خۆپیشاندانەکانی هەولێر، لەلایەن ئاسایشەوە هێرشی کراوەتـە سـەر و لێیـان داوە، دواتـر بـۆ مـاوەی سـێ کاتـژمێر لەلایـەن پۆلیسـی فریاکەوتن دەستگیر دەکرێت.

5. رۆژی 19 / 4 / 2011 لـــەکاتی رومـــاڵکردنی هـــەواڵی مـــانگرتن و نـــاڕەزایی خوێندکارانی زانکۆی کۆیە، هێزە ئەمنیەکان هێرشیان کردوەتە سەر " رامیار عوسمان " ی پەیامنێرو "رەوەند یوسف" ی کامێرامانی کەناڵی پەیام و بۆ ماوەی (چـوار) سـەعات لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە خۆیان و کامێراکەشیان دەست بەسەر کران .

6. بەپێی سکاڵایەك کە دراوە بەلیژنەی داکۆکی هـەردوو رۆژنامـەنووس و بەڕێوەبـەرانی نوسـینی رۆژنامــەی رۆژنامــە (سـیروان رەشـید و هیـوا جـەمال) رۆژی (2011/4/19) لەبەردەم خانەی داد لە سلێمانی لـەکاتی رومـاڵکردنی هـەواڵ و خۆپیشـاندانەکان. پـاش ئەوەی دەستگیردەکرێن و لێیاندەدرێ و سوکایەتیان پێ دەکرێت و دواتر (12) کاتژمێر دەســـتگیردەکرێن و ئـــازاد دەکـــرێن، تائێســـتاش مۆبایلـــەکانی ســـیروان رەشـــید نەگەڕاندراوەتەوە بۆی.

7. بــەپێی ســکاڵایەك کــە دراوە بــە لیژنــەی داکــۆکیی ، ڕۆژی 22 / 4 / 2011 ڕۆژنامەنووس " شاسوار مامە " پەیامنێرو وێنەگری ( NRT ) لەڕانیە بۆ ماوەی (21) سـەعات لەلایـەن ئاسایشـی راپەڕینـەوە دەسـتگیر دەکرێـت . بـەپێی سـکاڵای نـاوبراو هۆکـاری دەسـتگیر کردنەکـەی وێنـەگرتنی ناوبـازاڕی رانیـە بـووە ، لـەکاتی دەسـتگیر کردنەکەشدا کامێراو مۆبایلەکەیان لێسەندووە .

8. بەپێی سکاڵایەك کە دراوە بە لیژنەی داکۆکیی ، سـەعات ( 3.30 ) ی دوانیـوەڕۆی ڕۆژی 30 / 4 / 2011 ڕۆژنامەنووس " ڕۆستەم زوبێر " کـە ناسـراوە بـە ئەلەنـد و لـە ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان وێنەگرە ، لەکاتی رومـاڵکردنی خۆپیشـاندانی بـەردەمی کونسوڵخانەی ئێران لە هەولێر دەکەوێتە بەر هێرشـی هێـزە ئەمنیـەکان و پـاش لێـدان و سوکایەتیی زۆر هەموو پێداویستیەکانی کـاری ڕۆژنامـەوانیی لێ دەسـتێنن و دەسـتگیری دەکەن . دوای گوێزانەوەو هێنـان و بردنـی لـەنێوان بەڕێوەبەرایـەتی پـۆلیس و زینـدانی محەتەی هەولێردا ئازادی دەکەن .

9. ڕۆژی 30 / 4 / 2011 لەکاتی روماڵکردنی خۆپیشاندانی نزیك کونسوڵخانەی ئێران لە هەولێر ڕۆژنامـەنووس " شـێروان موحسـین عومـەر " ی فۆتۆگرافـەر لـە هەفتەنامـەی رووداو لەلایەن هێزە ئەمنیەکانـەوە هێرشـی دەکرێتـە سـەرو جنێـوی زۆر ناشـیرینی پـێ دەڵێن و بەسەختیی لێی دەدەن و کامێراکەی لێ دەستێنن ، دوای سـەعاتێك لـە گـرتن و ئیهانە کردن ئازادی دەکەن ، کە تا نوسینی ئەم راپۆرتە شوێنەواری ئەو لێدانە لە قاچی چەپی و پەراسووی دا ماوە .

10. بـەپێی سـکاڵایەك کـە دراوە بـە لیژنـەی داکـۆکیی ، سـەعات ( 3.30 ) ی پـاش نیـــوەڕۆی 30 / 4 / 2011 لـــەکاتی رومـــاڵکردنی هـــەواڵی خۆپیشـــاندانی نزیـــك کونسوڵخانەی ئێران لە هەولێر ، ڕۆژنامەنووس " ڕەفیق شوکری سەلیم " فۆتۆگرافەر لە گۆڤاری وارڤین لەلایەن هێزێکی ئەمنیەوە هێرشی دەکرێتە سەر کە نزیکەی بیست کەس دەبن و دوای ئەشکەنجەو لێدانێکی زۆر کە هەتا ئێستاش پاشماوەی بەجەستەیەوە ماوە

، بۆ ماوەی زیاتر لە  چوار سەعات دەستگیری دەکەن و بەو مەرجە ئـازادی دەکـەن کـە لێدوان نەداتە دەزگاکانی راگەیاندن .

11. بەپێی سکاڵایەك کە دراوە بەلیژنەی داکۆکی رۆژی 2011/6/27 مەفرەزەیەکی پۆلیسی هەولێر لەسەر سکاڵایەکی سەرۆکی شارەوانیو قایمقامی زاخۆو بەرپرسی لقی 8ی پارتی لەزاخۆو براکەی  هەوڵی دەستبەسەرکردنی کەمال رەئوف سەرنوسەری رۆژنامەی هاوڵاتی دەدەنو دەچنە ئوتێل چوار چرا لەهەولێر کە دەبوو سەندیکا ئاگاداربکرێت، بەڵام بێ ئاگاداری سەندیکا و لیژنەی داکۆکی.
دوای بەدوای ئەوە کەمال رەئوف خۆی دەچێتە زاخۆو بەکەفالەتی 5 ملیۆن دینار ئازاد دەکرێت، بەڵام تەنها یەك رۆژ دوای ئامادەبوونی لەبەردەم دادگا لەلایەن کەسێکی ترەوە سکاڵا لەسەر هاوڵاتیو سەرنوسەرەکەی تۆمار دەکرێتەوە ئەگەر نەچێتەوە بۆ زاخۆ فەرمانی گرتنەکەی دەردەچێتەوە ئەمجارەش بەبێ ئەوەی ئاگاداری سەندیکا بکرێتەوە لەکاتێکدا بەپێی یاسای رۆژنامەگەری دەبێ سەندیکا ئاگاداربکرێتەوە.
لەم بارەیەوە سەرنوسەری هاوڵاتی بە سەندیکا و لیژنەی داکۆکی راگەیاند؛ هەست بەمەترسیەك دەکەم. زانیارییەکانیش ئەوەدەخنەروو کە لەکاتی چونمدا بۆ زاخۆ لەرێگادا نەهێڵن دەرباز ببم بەجۆرێك لەجۆرەکان کێشەم بۆ دروست بکەنو"پلانێك"لەدژم بەرێوە ببەن، لەم بارەیەوە سەندیکا و لیژنەی داکۆکی بەدواداچوون بۆ کێشەکەی سەرنووسەری هاوڵاتی دەکات.

12. رۆژی 2011/6/28 رۆژنامەنووس (بڵند مستەفا) سەرنووسەری گۆڤـاری ململانـێ لەشارۆچکەی حاجیاوا بەهۆی سکاڵایەك کە لەلایەن دادوەری دادگـای حاجیـاوا لەسـەری تۆمـارکراوە، لەسـەر بڵاوکردنـەوەی بابـەتێك کـە لـە ژمـارە (10)ی گۆڤـاری ململانـێ بڵاوکراوەتەوە کە تێیدا باس لە کەمتەرخەمی دادگای حاجیاوا دەکات لەبارامبەر کێشەی سەرۆکی شارەوانی شکارتەو کۆمپانیای بەڵێندەرایـەتی (دروسـت) دەسـتگیر دەکرێـت و پاش دانی بڕی  (2.000.000) ملیۆن دینار بە کەفالەت ئازاد دەکرێت.

جێگەی باسە بەپێی ماددەی هەشتەم لەیاسای رۆژنامەگەری پێویست بوو دادگای حاجیاوا بەر لە لێکۆڵینەوەو گرتنە رێ و شوێنی یاسایی سەندیکای رۆژنامەنووسانی ئاگادار کردبایەوە، کە ئەوەش پێچەوانەی یاسای رۆژنامەگەرییە لە کوردستان.

13. بەبڕیای دادگای هەولێر، مەفرەزەیەکەی پۆلیس بۆ دەستگیرکردنی (ئەحمەد میرە) سەرنووسەری گۆڤاری لڤین دێتە سلێمانی و پاش ئەوەی ناوبراو خۆی دەچێتە هەولێر چەند کاتژمێرێك دەستگیری دەکەن و دواتر بەهۆی نەقیبی رۆژنامەنووسان و لیژنەی داکۆکی بەکەفالەت ئازاد دەکرێت.

پێشتریش لەلایەن دادگای سلێمانیەوە بەند دەکرێ و لەپۆلیس دەهێڵدرێتەوە و دواتر دواتر بەهۆی لیژنەی داکۆکی بەکەفالەت ئازاد دەکرێت.

ناوبراویش بەلیژنەی داکۆکی راگەیاند کە لەم ماوەیەدا چەندین جار پۆلیس چۆتە سەرماڵەکەی لەکاتێکدا دژی یاسای رۆژنامەگەریە بە بێ ئاگاداری سەندیکا نابێ هیچ رۆژنامەنوسێك بگیرێ و بچێتە سەر ماڵیان.

## چوارەم:

# لێدان

1. بەپێی سکاڵایەك لەلایەن سەتەلایتی گەلی کوردستانەوە دراوە بەلیژنەی داکۆکی لەرۆژانی 2011/2/17 و رۆژانی دوایی نزیکەی (11) وێنەگری ئەم کەناڵە روبەرووی لێدان و سوکایەتی بونەتەوەکە و هەروەها هەردی سەلامی وێنەگریان بە بلۆك قاچیان شکاندوە لەلایەکی تریشەوە بەپێی ئەو سکاڵا و راپۆرتەی کە سەتەلایتی گەلی کوردستان داویانتە لیژنەی داکۆکی هەریەکە لەپەیامنێران (رێبین یار ئەحمەد، دیلان شاوەیس روبەرووی لێدان و تەشهیر بونەتەوە، هەوەها لەشارۆچکەی چەمچەمالیش هەریە لە پێشەوا شێخ رەوف و مەجید حەمید هەرەشەیان لێکراوە و لەژێر دەستی خۆپیشاندەران هاتۆتە دەرەوە. هەروەها لەکەلاریش بەهەمان شێوە پەیامنێرانی ئەم کەناڵە روبەرووی لێدان و هەرەشە بونەتەوە"

2. رۆژی 2011/2/17 لەدەرئەنجامی خۆپیشاندان و روبەرووبونەوەی نێوانیان و هێزەکانی وەزارەتی ناوخۆ و پۆلیس و ئاسایش، چەندین رۆژنامەنووس پەلامار دەدرێن و لێیان دەدرێت و رێگا نادرێت روماڵی هەواڵەکان و روداوەکان بکەن. بەپێی ئەو سکاڵاو پەیوەندیانەی ئەو رۆژنامەنووسانە داویانتە لیژنەی داکۆکی، وتویانە بەشێکیان لەلایەن خۆپیشاندەران و بەشێکیان لەلایەن هێزەکانی ناوخۆوە پەلامار دەدرێن بەم شێوەیە:
((رۆژنامەنووسان بوار جەلال لەسەتەلایتی گەلی کوردستان، سامان کەریم لەکەناڵی سپێدە، بێستون محەمەد لەرادیۆی گۆڕان، بیلال محەمەد لەرادیۆی نەوا، هەرێز جەمال لەرۆژنامەی ئاسۆ، شێرکۆ ساڵەیی لەکەناڵی CNN، هونەر جەمال و بڕیار نامیق و تیشکۆ سادق لەکەناڵی (ك.ئێن.ئێن) شاسوار مامە و شێرزاد حەمەد لەکەناڵی NRT، رێباز یونس، نەبەز محەمەد، سۆران کەریم، دانا عەبدولخالق لەکەناڵی زاگرۆس ئاراس عوسمان، کاروان سالار لەرۆژنامەی چەتر، ئارا ئیبراهیم، ئاڵا لەتیف لەرۆژنامەی هاوڵاتی))

3. رۆژی 17-2011/2/18 رۆژنامەنووسان وریا ئەحمەد لەکەناڵی پەیام لەلایەن پۆلیسی چالاکە مەدەنیەکانەوە لێیدەدرێت هەروەها رۆژنامەنووس هەردی سەلامی لەسەتەلایتی گەلی کوردستان لێیدەدرێت و قاچی بریندار دەکەن کەدەیویست هەواڵەکان رووماڵ بکات هەروەها

سامان مەجید لەسەتەلایتی گەلی کوردستان دەستگیردەکرێت و لێیدەدرێ. (بێستون محەمەد) لە (ك.ئێن.ئێن) لێی دەدرێت و ئازار دەدرێ. هەروەها هەردوو رۆژنامەنووس رێگا ئەحمەد، کاوە ئەحمەد لەکەناڵی سەتەلایتی NRT لێیاندەرێت و ئازار و ئەشکەنجە دەدرێن))

بەشێك لەو رۆژنامەنووسانە بەلیژنەی داکۆکیان راگەیاندوە" کە لەنێوان هێزەکانی وەزارەتی ناوخۆ و پاسەوانەکانی بارەگای لقی چواری (پ.د.ك) و خۆپیشاندەرانەوە لێیان دراوە سوکایەتیان پێکراوە و ئازار و ئەشکەنجە دراون و دەست بەسەر کامێراکەیاندا گیراوە نەیانهێشتوە وەك پێویست رووداوەکان رومالْ بکەن و وێنەکانیان سرپیونتەوە.

4. بەپێی سکاڵایەك کەداویانەتە لیژنەی داکۆکی پەیامنێرانی رۆژنامەی هاوڵاتی لەرۆژانی 17-18-20-2011/2/26 لەلایەن هێزەکانی وەزارەتی ناوخۆ، لەهەولێر، سلێمانی و هەڵەبجەی شەهید پەلاماری رۆژنامەنووسان (ئارا ئیبراهیم، ئەنوەر عەرەب، سورکێو محەمەد، ئالان ساحێب قران، سۆران ئەحمەد، ئاڵا لەتیف) پەیامنێرانی رۆژنامەکە لێیاندەدرێت و ئازار و ئەشکەنجە دەدرێن و تەنانەت باجی سەندیکا و کامێرا و مۆبایل و تەنانەت کەل و پەلی رۆژنامەنووسیشیان لێ دەسێنرێت.

5. بەپێی سکاڵایەك کە لەلایەن رادیۆ و کەناڵی سەتەلایتی نالیا (NRT) دراوە بەلیژنەی داکۆکی، شەوی (2011/2/20) لەشاری کەرکوك لەلایەن پۆلیسێکی بنکەی رەحیماوا هێرشدەکرێتە سەر (رۆکان محمود عەبدوڵڵا) پەیامنێری کەناڵەکە کەدەیویست راوپۆچونی هاوڵاتیان لەسەر سوتانی کەناڵەکەیان لەسلێمانی وەربگرێت. پاشان لێیدەدەن و جوێنی سووك و ناشیرینی پێ دەدەن و ئازاری جەستەیی دەدەن.

6. بەپێی سکاڵایەك کەلەلایەن کەناڵی ئاسمانی کوردساتەوە دراوە بەلیژنەی داکۆکی چەندین پەیامنێر و وێنەگر و رۆژنامەنووسیان لەرۆژانی (2/22-2011/3/5) کەوتونەتە بەر هێرش و پەلاماری هاوڵاتیان و خۆپیشاندەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی گۆڕان. بەپێی سکاڵاکە رۆژی (2011/2/22) (هەردی ئەبوبەکر و هاوکار سەید گوڵ) لەچەمچەماڵ لەلایەن چەند کەسێکەوە بەچەقۆ پەلامار دەدرێن، هەروەها (2011/2/26) لەسەرای شاری سلێمانی لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە هێرشدەکرێتە سەر

(مەریوان عەبدوڵڵا و گۆڤار محەمەد) لەکاتی رومالّکردنی خۆپیشاندانەکاندا، لەلایەکی ترەوە هەر ئەو دوو پەیامنێری کوردسات رۆژی (2011/2/28) لەناو زانکۆی سلێمانی پەلامار دەدرێن و هێرش دەکرێتە سەریان. هەروەها بەپێی سکالاّکەی کەناڵی کوردسات رۆژانی (1و2011/3/5) لەسەرای شاری سلێمانی هێرشدەکرێتە سەر پەیامنێرەکانیان (ئاوارە جومعە، ئاری نەوزاد، مەریوان عەبدوڵڵا، ئاسۆ عەلی) کەلەلایەن دوو هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی گۆڕان بەناوی (یادگار رەفیق و بەرهەم حەمە سالّح شەریف) پەلامار دەدرێن و هێرشیان دەکرێتە سەر و کاسێتەکەیان لێ دەسێندرێت و رێگا نادرێت رومالّی خۆپیشاندانەکان بکرێت. بەپێی سکالاّکەی کەناڵی کوردسات هەموو ئەو هێرشانە بەتۆمارکراوی لایانە و ئامادەن بیدەنە دادگا و سەندیکا و لیژنەی داکۆکی بۆ سەلماندنی راستیەکان.

7. بەپێی سکالاّیەك کەلەلایەن رۆژنامەنووس (تەها حاجی عەبدوڵڵا) پەیامنێری تەلەفزیۆنی کەرکوك لەکاتی رومالّکردنی خۆپیشاندانەکانی شاری کەرکوك لەرۆژی (2011/2/25) لەلایەن لەچەند پۆلیسێکی بەرەگەز عەرەب هێرشدەکرێتە سەری و سوکایەتی پێ دەکرێت و دەستی چەپی لەدوو جێگاوە دەشکێنن تەنها لەبەرئەوەی دەیویست رومالّی خۆپیشاندانەکان بکات.

8. بەپێی سکالاّیەك کەلەلایەن کەناڵی ئاسمانی سپێدەوە دراوەتە لیژنەی داکۆکی لە رۆژی (2011/2/25 تا 2011/3/9) چەندین پێشێلکاری جۆراوجۆر بەرامبەر بەرۆژنامەنووسان و پەیامنێرانی کەناڵی سپێدە ئەنجامدراوە لەو بارەیەوە رۆژنامەنووس (سەنگەر حەمید ئەحمەد) لە کەلار لەلایەن ژمارەیەك سەربازەوە لێی دەدرێت و سوکایەتی پێ دەکرێت و کامێراکەی لێ دەستێنن و کاسێتەکەی بۆ ناگێڕنەوە. هەروەها پەلاماری (سەرکەوت سەلام سدیق) پەیامنێری کەناڵەکە دەدرێت و ئەشکەنجە دەدرێت و سوکایەتی پێ دەکەن. هەروەها لەخۆپیشاندانەکانی کەلار پەلاماری هەردوو رۆژنامەنووس( پشتیوان جەلال و سەنگەر حەمید) دەدرێت و دەستڕێژی گوللەیان لێ دەکرێت. لەلایەکی ترەوە بەپێی سکالاّکەی کەناڵی سپێدە لەلایەن ئاسایشی گەرمیانەوە

هەردوو رۆژنامەنووس (ئەسعەد محەمەد و سەنگەر حەمید) دەستگیر دەکرێن و لێیان دەدرێت. هەروەها سوکایەتی بە (سەرکەوت سەلام) دەکرێت لەکەلار و لەدەشتێك فرێی دەدەن و هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکەن.

9. بەپێی سکالأیەك کە دراوەتە لێژنەی داکۆکی، رۆژنامەنووس (شوان سدیق) لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری سڤیل لە ماوەی رابردوو لەسەر کاری رۆژنامەنووسی لە هەولێر چوار جار پێشێلکاری بەرانبەر کراوە. رۆژی 2011/2/25 لەلایەن چەند کەسێکەوە بە جلی مەدەنی لەبەرچاوی هێزەکانی پۆلیس سووکایەتی پێکراوەو ریکۆردەریان بەزۆر لێسەندووە، هەروەها رۆژی 2011/3/29 لە دەروازەی شارۆچکەی شاوێس لەلایەن دوو کەس کە یەکێکیان بە جلی مەدەنی و شوفێرەکەی بەزۆر دەبرێنە لقی (16)ی (پ.د.ك) و لەوێشەوە تەسلیمی ئاسایشی شاوێس دەکرێن، دوو کاتژمێر لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت، بە هەمان شێوە رۆژی 2011/4/18 لەبەردەم مزگەوتی رەشاد موفتی هەولێر، لەلایەن هێزە ئەمنییەکان هێرشی دەکرێتە سەر و دەستی دەشکێنن، دواتر بۆ ماوەی (3) کاتژمێر لەلایەن پۆلیسی فریاکەوتن دەستگیردەکرێت ناوبراو لە رۆژی 2011/4/19 دوای ئەنجامدانی گفتوگۆیەك لەگەڵ تەلەفزیۆنی (KNN) لەلایەن ئاسایشی عەنکاوە دەستگیر دەکرێت، دوای وەرگرتنی زانیاری تەواو لەبارەی کار و شوێنی نیشتەجێبوون ئازاد دەکرێ.

10. رۆژی 21 / 3 / 2011 تیمێکی کەناڵی KNN کە پێکهاتبوون لە " هەژار ئەنوەر جەوهەر " پەیامنێرو " ئەمیر ئەبوبەکر " کامێرامان بە مەبەستی رومالکردنی خۆپیشاندان دەچنە بەردەمی پەرلەمانی کوردستان ، لەگەڵ گەیشتنیان بەشوێنی خۆپیشاندانەکە ، لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە سوکایەتیان پێدەکرێت و لێیان دەدرێت و کامێراو مایك و لۆگۆی کەناڵەکەشیان دەستی بەسەردا دەگیرێت ، ئەمە جگە لە گرتنی شۆفێرو ئۆتۆمۆبێلەکەیان ، کە هەموویان دوای دوو سەعات ئازاد دەکرێن .

11. سەعات ( 2.20 )ی پاش نیوەڕۆی رۆژی 18 / 4 / 2011 لەکاتی رومالّکردنی بارودۆخی بەردەم مزگەوتی رەشاد موفتی شاری هەولێر ، چەند کەسێکی نەناسراو بە جلی مەدەنیەوە هێرش دەکەنە سەر رۆژنامەنووس " نیزام عومەر عەبدوللاّ " ناسراو بە ( هیوا عومەر ) ی پەیامنێری رادیۆو تەلەفزیۆنی ئازادیی و بە ئۆتۆمۆبێلی پیکاب دەیرفێننە نزیك هۆڵی زەردو دوای لێدان و جنێوپێدان و ئیهانەیەکی زۆرو لێسەندنی هەموو باج و کەلوپەلی راگەیاندن ئازادی دەکەن. پاشان هەر تیمێکی تری کەناڵی ئازادیی لەهەمان شوێن کە پێکهاتبوون لە رۆژنامەنووسان " هۆگر حوسێن ، سەمەد کەریم ، هیوا مستەفا " رووبەڕووی سوکایەتی و بێڕێزیەکی زۆر بوونەوەو لەلایەن ژمارەیەك چەکداری مەدەنیەوە هێرشیان کرایە سەر ، پاش سوکایەتی بەخۆیان و دەزگاکەیان دەستیان بەسەر کامێراکەیاندا گرت دوای چەند رۆژێك کامیراو کەل و پەلە رۆژنامەوانییەکانیان بۆ دەگەڕێننەوە.

12- رۆژی 18 / 4 / 2011 بەمەبەستی رومالّکردنی خۆپیشاندانی شاری هەولێر رۆژنامەنووس " رەسولّ حوسێن رەسولّ " ی سەرنووسەری رۆژنامەی سامالّ پۆست لە لایەن هێزیك بەجلی مەدەنیەوە کە سەر بە ئاسایشی هەولێر بوون هێرشی دەکرێتە سەرو بە ئۆتۆمۆبێلێکی جۆری ئۆپترای مەدەنیی رەنگ مارۆنیی بێ ژمارە دەگوێزرێتەوە بۆ نزیك شارۆچکەی قوشتەپەو پاش جنێوپێدان و لێدان و سوکایەتیی زۆرو لێسەندنی مۆبایل و ریکۆردەر ، ئینجا لەو جێگەیە فرێی دەدەن .

13. رۆژی 19 / 4 / 2011 لەبەردەمی کۆلێژی پەروەردەی کەلار مەفرەزەیەکی ئاسایشی گەرمیان هێرشدەکەنە سەر رۆژنامەنووس " کاوە گەرمیانی " ی پەیامنێری رۆژنامەی " ئاوێنە " و لێیدەدەن و سوکایەتی پێدەکەن و کامێراو ریکۆردەری لێ دەستێنن ، پاش بریندارکردنی لەگەڵ خۆیان دەیبەن و بۆ ماوەی سێ سەعات لە ئاسایشی گەرمیان دەست بەسەری دەکەن ، دواتر ئازادی دەکەن .

14. ڕۆژی 19 / 4 / 2011 ڕۆژنامەنووس " ڕزگار حەمەد نەبی " کامێرامانی کـەناڵی پەیام لە شاری ڕانیە لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە بەدار هێرشی کرایە سەرو برینـدار کـراو هەوڵی لێسەندنی کامێراکەشی درا ، بەڵام ناوبراو بەهەوڵی خۆپیشاندەران ڕزگار کرا .

15. ڕۆژی 23 / 4 / 2011 لەشاری هەولێر لەکاتی ڕومالکردنی ڕووداوی بـاران بـارین و هاتنی لافاودا هێزێکی ئەمنی بەجلی مەدەنیـەوە هێرشـیان کردوەتـە سـەر " لوقمـان عەزیز " پەیامنێرو " ئازاد گۆران " ی کامێرامانی کەناڵی ئاسمانیی پەیام و دوای لێـدان و ئەشـکەنجەدانیان کامێراکەشـیان لەکارخسـتوون و بـۆ مـاوەی دوو ڕۆژیـش دەسـتیان بەسەردا گرتووەو دواتر لە پۆلیسی هەولێر وەریان گرتوەتەوە .

16. بەهۆی خۆپیشاندانەکانی گەرمیان هێرشدەکرێتە سەر پەیامنێری ئاوێنە کاوە گەرمیانی و پاش لێدانێکی زۆر و سوکایەتی پێکردنی. دەنێردرێتە نەخۆشخانە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ.
کاوە لەم بارەیەوە بەلیژنەی داکۆکی ڕاگەیاند" لەکاتی ڕومالکردنی خۆپیشاندانەکان لەلایەن لیوای (3) پێشمەرگە و هێزی چالاکیە مەدەنیەکان هێرشکرایە سەرم و پاش لێدان و سوکایەتی ریکۆردەر و کامێراکەی لێ ساندم. دوای ئەوە بەهۆی لێدانەوە ناچار دوو ڕۆژ لەنەخۆشخانە کەوتم.

## پێنجەم

## سزادان (غرامە)

1. بەپێی نووسراوی ژمارە 621/ج/2011 کە لەلایەن دادگای کەتنی سلێمانییەوە دەرچووە، هەردوو رۆژنامەنووس (ئاریان)شاعیر و رۆژنامەنووس (محەمەد کوردۆ) سەرنوسەری گۆڤارەکە لەسەر بلأوکردنەوەی شیعرێك لە گۆڤاری هەنار هەر یەکەیان بە بڕی (50.000) پەنجار هەزار دینار سزادراون و غرامە کراون.

2. بەپێی نووسراوی ژمارە 1942/ج/2010 لە مانگی ئایای رابردوودا دادگای کەتنی سلێمانی بڕیاری سزادانی رۆژنامەنووس (هێمن کەریم) سەرنووسەری گۆڤار فشار و گۆڤارەکەیداو بەبڕی (1.000.000) یەك ملیۆن دینار بۆ سەرنوسەری فشار و (5,000,000) ملیۆن بۆ گۆڤارەکە لەسەر بلأوکردنەوەی راپۆرتێك لە گۆڤاری ناوبراو لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە بە بەڵگە و دۆکیومێنت راستی ناوەڕۆکی راپۆرتەکە بۆ دادگا بسەلمێنێت.

3. بەهۆی بلأوکردنەوەی هەواڵێك لەسەر دوو پەرلەمانتاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پاش چەندین جار دانیشتنی دادگا رۆژی (2011/3/9) دادگا بڕیاریدا بە سزادانی (7) ملیۆن دینار بۆ رۆژنامەنووس (رامان عوسمان) و (3) ملیۆن دینار بۆ کوردستانی نوێ. لەوبارییەوە رۆژنامەنووسەکە بە لیژنەی داکۆکی راگەیاند بەهۆی نەتوانینی ناوی سەرچاوەکە دادگا بڕیاری داوە.

4. رۆژنامەنووس (ئیسماعیل ئیبراهیم) سەرنووسەری هەفتەنامەی زاری کرمانجی پێی راگەیاندین، لە مانگی ئایاری 2011 بە هۆی بلأوکردنەوەی هەواڵێك، دادگای رواندز سکالأیەکی لە سەر خۆی و رۆژنامەنووس( جەلال سەعید) تۆمارکردووەو لە یەکەم ئامادەبوونیشیاندا لە بەردەم دادوەر، هەریەکەیان بە کەفالەتی (3000000 سێ ملیۆن دینار) ئازاد کراون. هەروەها بەهۆی بلأوبوونەوەی هەولێکی دیکە، دادگای

خەلیفان سکاڵای لە سەر رۆژنامەنووس (ئیسماعیل ئیبراهیم) تۆمارکردووەو لـە یەکـەمین ئامادەبوونیشـیدا بـە کەفالـەتی (1000000 یـەك ملیـۆن دینـار) ئـازاد کـراوە. سەرنووسەری زاری کرمانجی تۆمارکردنی سکاڵای یاسایی لەبەرامبەر هەواڵی زۆر ئاسایی و دانانی پارە وەك کەفالەتی ئازادکردن، بە جۆرێك لـە بەرتەسـکردنەوەی ئـازادی کـاری رۆژنامەوانی لێکدەداتەوە.

## شەشەم:

# سوتاندن

1. رۆژی 2011/2/17 لەدرێژەی خۆپیشاندان و بارگرژییەکانی هەرێمی کوردستاندا لەشاری هەولێر هێزێك پەلاماری رادیۆ و تەلەفزیۆنی گۆڕانیان داوە و سوتاندویانە.

2. شەوی 2011/2/20 چەندین چەکداری نەناسراو لەکاتژمێر (2:30) شەو لەشاری سلێمانی هێرشدەکەنە سەر کەناڵی ئاسمانی نالیا (NRT) کە تەنها چەند رۆژێك دەستی بەپەخش کردبوو.

جیا لەوەی یەکێك لەپاسەوانەکانی ئەم کەناڵە بریندار کراوە هەرەشەی لێکراوە و هەرەشە لەبەرێوەبەر و زۆربەی ستافەکەی کراوە و دواتر زۆربەی بیناکە و ئامێرەکانی دەسوتێندرێن بەپێی لێدوانی بەرپرسانی کەناڵەکە نزیکەی (7) ملیۆن دۆلار زەرەر و زیان بەکەناڵەکە گەیشتوە. لەمبارەیەوە لیژنەیەك پێکهاتوە بۆ دۆزینەوەی ئەوانەی هێرشیانکردۆتە سەر کەناڵەکە و روبەروبونەوەیان لەگەڵ یاسا. پێشتریش لیژنەی داکۆکی لەگەڵ شوان عەتوف یەکێك لەبەرپرسانی ئەو کەناڵە نیگەرانی خۆی دەربڕی لەوکارە و راگەیاندنێکی هاوبەشی لەگەڵ چەند کەناڵ و میدیای کوردستان بۆ ئیدانەی ئەو پەلامارە بڵاوکردەوە و ئەنجومەنی سەندیکاش رۆژی (2011/2/24) بەو بۆنەیەوە راگەیاندنێکی بڵاوکردەوە و ئیدانەی ئەو پەلامارەی کرد.

**حەوتەم:**

## هەوڵی رفاندن

1. بەپێی سکاڵایەك کە دراوەتە لیژنەی داکۆکی کاتژمێر 11ی شەوی 20-2011/6/21 لە نزیك گوندی سیساو لە نزیك قەزای شەقلاوە لەلایەن سێ کەسەوە هەوڵی رفاندنی رۆژنامەنووس (موحسین قەسرۆکی) دەدرێت، دوای ئەوەی رۆژنامەنووس دەزگای پەیوەندیدارەکانی دەڤەرەکە لە هەوڵی رفاندنەکەی ئاگادار کراوەتەوە، رۆژی 22ی مانگ یەکێك لە تۆمەتباران دەستگیر دەکرێت و دۆسیەکە لەژێر لێکۆڵینەوەدایە، هەرچەندە هەوڵی رفاندنەکە لەکاتی جێبەجێکردنی کاری رۆژنامەنووسی نەبووە، بەلاّم بەپێی سکاڵاکە رۆژنامەنووسی ناوبراو هەوڵەکە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە لەماوەی رابردوو چەندین بابەتی لەسەر گەندەڵییەکانی بەرپرسانی شەقلاوە لە میدیاکان بلاّوکردۆتەوە.

**هەشتەم:**

## بەدواداچوون

1-بـەپێی نوسـراوی ژمـارە (176)ی ڕۆژی (2011/2/24) لەلایـەن بـەڕێز (کـەریم سنجاری) وەزیری ناوخۆ کـە بـۆ سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـان و لیژنـەی داکـۆکی نـاردوە ئاماژەی داوە بەوەی پاش بەدواداچوون لەبەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی هیچ کەس و لایـەنێك لـەوەزارەتی نـاوخۆ ڕێنمـایی دەرنـەکردوە بەقەدەغـەکردنی فرۆشـتن یـان کۆکردنەوەی هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێك لەهەولێر. ئەمەش دوای ئەوە هـات کـە سـەندیکای ڕۆژنامەنووسان ڕۆژنامەنووسان ئاگاداری وەزارەتی ناوخۆی کردبوو کـە چـەند میدیایـەك باس لەوەدەکەن. ڕێگا لە فرۆشتنیان دەگیرێت لەهەولێر و شارەکانی تر.

## نۆیەم:

## داخستنی دۆسیە

1- بەپێی سکاڵایەك کە دراوە بە لیژنەی داکۆکیی " کارزان کەریم موحەممەد " رۆژنامەنووس لە ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگوباس ( ئاکانیوز ) لە شاری هەولێر . لەساڵی 2008 دا دوای بڵاوکردنەوەی هەواڵێك لە رۆژنامەی ئاسۆدا ، سکاڵا لەسەر سەرنووسەرو سەرۆکی دامەزراوەی خەندان تۆمار دەکرێت . دوای بەرێوەچوونی ئاسایی دادگاییەکەو پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی یەکلاکەرەوە لەسەر هەواڵەکە لە مانگی ئەیلولی 2008 دا دادگا بڕیاری کۆتایی داو دۆسیەکەی داخست . بەڵام دوای ( 3 ) ساڵ رۆژی 2 / 1 / 2011 دووبارە لەلایەن پۆلیسەوە ناوبراو ئاگادار دەکرێتەوە کە گوایە لەلایەن کەسێکەوە بەناوی " ئەحمەد حەمەد عەزیز " سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە ، بەڵام وەکو زانراوە هاوڵاتی ناوبراو کۆچی دوایی کردووە ، بەپێی وتەی رۆژنامەنووسی ناوبراو قایمقامی مەخموور لە پشتی زیندوو کردنەوەی ئەو دۆسیەوەیە ، چونکە ناوبراو نهێنیەکی بە قازانجی رای گشتی ئاشکرا کردووە .

# را پۆرتی هەشتەم

## لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و

## مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان

## ( دەربارەی رەوشی رۆژنامەگەری لە کوردستان )

## ( 2011/12/27 – 2011/7/1 )

# ڕا پۆرتی هەشتەم

- پێشەکی
- پێشێلکارییەکان
- دەستگیرکردن
- لێدان
- سووتاندن
- سزادان ( غرامە )
- داخستنی دۆسیە
- هەڕەشە بە مۆبایل

## پێشەکی

پاش بڵاوکردنەوەی حەوت ڕاپۆرتی پێشووی لیژنەی داکۆکی سەبارەت بە (ڕەوشی ڕۆژنامەگەری لەهەرێمی کوردستان) و ئەو پێشێلکاریە جۆراو جۆرانەی بەرامبەر بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدراوە.

لێژنەی داکۆکی بۆ شەش مانگی رابردوو، بۆ هەمان مەبەست، هەشتەمین ڕاپۆرتی خۆی سەبارەت بە ڕەوشی ڕۆژنامەگەریی و گشت پێشێلکاری و ڕوداوەکان لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان بڵاودەکاتەوە.

لەکاتێکدا کە خوازیاربووین ئەم ڕاپۆرتە کۆتایی بێنێت بەو پێشێلکاریانەی لە هەرێمی کوردستان ڕوودەدات، بەڵام بەداخەوە ئامار و داتا و ڕوداو و دۆکیۆمێنتەکان بە واقیعی پێمان دەڵێن ئەگەرچی کێرڤی ئەو ئامارانە رووی لە داکشانە، بەڵام هێشتا پێشێلکارییەکان بەردەوامن و ڕەوشی ڕۆژنامەگەری روو لە باشی نیە.

بەداخەوە ڕوداوەکانی بادینان و سوتانی بارەگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی کە بەشێکە لەو پێشێلکاریانە، سەرەرای نیگەرانی دروستکردن بۆ سەندیکا و لیژنەی داکۆکی و ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر ئەو کارەو دەرکردنی بەیاننامەو ئیدانەکردنی ئەو پێشێلکارییانە لەکاتی خۆیدا، کە دەبوو دەزگا ئەمنیەکانی حکومەتی هەرێم ڕێگایان بەکەس نەدایە، چونکە ئەم ڕووداوە و هەر ڕوداوێکی لەم بابەتە کاریگەری نێگەتیڤی دەبێ لەسەر ڕەوشی سیاسی و ئازادی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری لە ناوخۆ و دەرەوەدا.

هەروەك چۆن پێشتریش ڕامانگەیاندبوو، کە لیژنەی داکۆکی لەڕۆژنامەنووسان، خوازیارە لەکاتی هەر کێشە و قەیرانێکی سیاسی لەکوردستاندا کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان تێکەڵ بەو ڕوداوانە نەکرێن و پەلاماردان و سوتان و لێدان و دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووسان نەبێتە دیاریدە، جیابکرێتەوە لە بارودۆخی سیاسی قەیراناوی.

بۆیە جارێکی تر هەر سێ سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەت و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و دەزگا ئەمنیەکان ئاگادار دەکەین کە ئەرکی ئەوانە پارێزگاری لە گیانی رۆژنامەنووسان بکەن و ئاسایش و ئارامیان بۆ دابین بکەن.

پەلاماردەرانی رۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی راگەیاندن دەستگیربکرێن و سزا بدرێن و لێپێچینەوەی یاساییان لەگەڵ بکرێت و لەهەمانکاتدا رێز لە کاری رۆژنامەنووسی و پیشەکەی بگرن و پیشەی رۆژنامەنووسی بەرەسمی بناسن و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانیش ناچاربکەن کە لە دادگا و بنکەکانی پۆلیس کار بەیاسای ژمارە (35)ی ساڵی (2007) یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان بکەن، کە بەداخەوە وەکو پێویست جێبەجێناکرێت.

سەرەرای ئەوانە بەپێی یاسا دەبێ مافی ئازادی و دیموکراسی بدرێ بە رۆژنامەنووسان و بەهرەمەندبن لە بەدەستخستنی زانیاری و هەواڵ و بەشداربن لە کۆنفرانس و پرێس کۆنفرانسەکاندا، چونکە پێمانوایە دیموکراسیەك کە لەهەرێمی کوردستان هەیە. یەکێك لەهەرە پایە گرنگەکانی ئازادی میدیا و راگەیاندن و ئازادی عەقیدە و بەیان و پارێزگاریە لە مافی رۆژنامەنووسان. کە لە رێزگرتنیان دەتوانرێ رووی گەشی دیموکراسی هەرێم باشتر و جوانتر بکات، نابێ رێگا بدرێ هیچ هێز و کەس و لایەنێك، ئەم بارودۆخە بخاتە ژێر پرسار و پاشەکشەی پێ بکات.

دیسانیش هەموو رۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی راگەیاندن ئاگادار دەکەین وەکو پێشوو هاوکار و داکۆکیکاریان دەبین و بەبێ گوێدانە ئەوەی سەر بە چ ئایدیا و بیروبۆچون و مەزهەب و کەناڵ و راگەیاندن و بیروباوەرێکن، جا ئەندامی سەندیکابن یان نا، لە چوارچێوەی یاسای کاری رۆژنامەنووسیدا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

هەروەك لێژنەی داکۆکی بە ئازادی رۆژنامەنووسی لەسەرەتای مانگی (12)ی ئەمساڵ، بۆ ئامادەکردنی راپۆرتی هەشتەم، بە نووسراوی فەرمی لێژنەی داکۆکی و بە پەیوەندی تایبەت، پەیوەندی بە دەزگاکانی راگەیاندنی هەرێم کردووە، بە مەبەستی ناردنی ئاماری پێشێلکارییەکان کە بەرانبەر بە رۆژنامەنووسان و کەناڵەکانیان لەشەش مانگی رابردوودا ئەنجامدراون، بۆیە ئەگەر هەر پێشێلکارییەك لەم راپۆرتەدا تۆمارنەکراوە، بەشێکی پەیوەستە بە هەندێك لە بێ وەڵامی ئەم کەناڵانەوە.

بەم شێوەیە رایدەگەیەنین کە کۆی راپۆرتەکە پێکدێت لە (20) حاڵەتی پێشێلکاری جۆراوجۆر، (5) حاڵەتی دەستگیر کردن، (9) حاڵەتی لێدان، (3) حاڵەتی سووتاندنی بارەگاکانی راگەیاندن، (2) حاڵەتی سزادان (غرامە)، (2) حاڵەتی داخستنی دۆسیەو (1) حاڵەتی هەڕەشە لێکردن.

جیا لەمانە دەبێ بڵێین زیاتر (37) سکاڵای جۆراوجۆر لە هەرێمی کوردستان لەسەر رۆژنامەنووسان تۆمار کراوە، لەلایەن لیژنەی داکۆکی وەڵامی زیاتر لە (50) نووسراوی رەسمی دادگاکان و بنکەکانی پۆلیس دراوەتەوە، زیاتر لە (25) کێشەو کەیسی رۆژنامەنووسان، نوێنەر و پارێزەری لیژنەی داکۆکی ئامادەبووە.

لیژنەی داکۆکی هاوکاری دادگاکانی کردووە بە ناردنی کەسانی پسپۆڕ لەبواری راگەیاندن وەکو شارەزا لە کەیسی دادگاکان و رۆژنامەنووسان، سەرەڕای راگەیاندنی دوو بەیاننامەی تایبەت سەبارەت بەرووداوەکانی بادینان و هێرشکردنە سەر (ئاسۆس هەردی) کە لەم راپۆرتەدا بڵاوکراونەتەوە.

**لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی**
**رۆژنامەنووسان لە کوردستان**
**هەولێر** 2011/12/27

## پێشێلکاری

1. بەپێی سکاڵایەك کە دراوەتە لێژنەی داکۆکی، رۆژنامەنووس (توانا عەلی کەمال) بەهۆی بڵاوکردنەوەی بابەتێك لە رۆژنامەی (ئاسۆ)دا، لەلایەن پارێزگاری سلێمانی، لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەی لەسەر پێکدەهێنرێت و دەگوازرێتەوە بۆ فەرمانگەیەکی دیکە، دوای پەیوەندی کردنی لێژنەی داکۆکی بە پارێزگاوە، بۆچوونی وابوو کە رۆژنامەنووسی ناوبراو لەهەمان کاتدا فەرمانبەرە لە دیوانی پارێزگای سلێمانی و هەر نووسینێك بڵاو بکاتەوە گوزارشت لە پارێزگا دەکات و ئەو بابەتەش کێشەی بۆ دروست کردووین، بۆیە ئەو بڕیارەمان داوە.

2. بەپێی سکاڵایەك کە دراوەتە لێژنەی داکۆکی، رۆژنامەنووس (زانا گەلاڵی) پەیامنێری رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) لە ئەوروپا، لە چەند ماڵپەرێکەوە هێرشی دەکرێتە سەرو سووکایەتی پێدەکرێت.

3. رۆژی 2011/7/13 لەکاتی روماڵکردنی سوتانی بازاری (فامیلی مۆڵ) هێرشکرایە سەر تیمی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان–کەناڵی هەولێرو کامێراکەیان شکاندوون.

4. بەپێی سکاڵایەك کە دراوەتە لێژنەی داکۆکی، رۆژی 2011/7/15 لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە (هاوژین غەریب) رۆژنامەنووسی رۆژنامەی (چەتر) لەبەردەم چاپخانە شەعب، ئەو شتانەی لێ سەندراوە (مۆبایل و جانتاکەی کە پاسپۆرت و میمۆری و هاردو هاند و فلاش و چەند کتێب و رۆژنامەیەکی تێدایە).
هەر لەهەمان سکاڵادا هاتووە کە (ئەحمەد قادر)ی فۆتۆگرافەری رۆژنامەی (چەتر) لەبەردەم چاپخانەی شەعب رۆژی 2011/7/15 ئەو شتانەی لێ سەندراوە (کامێر و کۆمپیوتەر و مۆبایل و هێلی ئینتەرنێتی رێبەر کویك و سێ دەفتەری تەلەفۆن و

کاری رۆژنامەوانی، میمۆرییەك و کارد ریدەرێك، وایەری شەحنی کامێراو کۆمپیوتەرەکەی).

5. رۆژی 2011/8/24 لەکاتی رووماڵکردنی خۆپیشاندنی زانکۆ لە شاری کەرکووك لەلایەن پاسەوانەکانی پارێزگاری کەرکووك رێگری لە تیمی لە سپێدە کرا لە رووماڵکردنی خۆپیشاندەران و دواتر بەهێزی پۆلیس دەرکران لە شوێنی رووداوەکە، تیمی سپێدە پێکهاتبوون لە هەریەك لە فاخیر حەمید/ پەیامنێر، مەحمود رزگار.

6. رۆژی 2011/9/4 رۆژنامەنووسان (رزگار کۆچەر) پێشکەشکاری بەرنامەی (زووم ئین) و (ئەحمەد حەمید)ی وێنەگر لەکاتی وێنەگرتنی روداوێکی هاتوچۆ لە شەقامی 100مەتری لە شاری هەولێرلەلایەن ئەفسەرێکی سەر بەهێزی ژینگە هەڕەشەو ڕێگریان لێدەکرێت لەوێنەگرتنی رووداوەکە.

7. لەرۆژی 2011/9/6 لەکاتی رووماڵکردنی خۆپیشاندەرانی هاووڵاتیان قاسارا کە بڕیار بووە خانووەکانیان لەلایەن حکومەتەوە بڕووخێنرێت لە شاری دهۆك، هێرشکرایە سەر پەیامنێر (مصعب عەبدولعەزیز خالید) و وێنەگر (جووتیار جەعفەر حەسەن) و سووکایەتی و جنێو بە رۆژنامەنووسانەکانیان داوە.

8. رۆژی 2011/9/25 لەبازگەی هەولێر–موسڵ رۆژنامەنووس (فەیسەڵ عباس ئەلیاس) وێنەگری کوردسات لەلایەن ئەفسەرێکی بازگەکە سوکایەتی پێدەکرێت لەبەرئەوەی ناسنامەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی هەڵگرتووە و پیشانی بازگەکەی داوە .

9. بەپێی سکاڵایەك کە دراوەتە لیژنەی داکۆکی ڕۆژی 2011/10/20 لە یاری تۆپی پێی نێوان (هەندرێن و بروسك) لە شاری هەولێر ڕۆژنامەنووس (ئاراس ڕواندزی) بەڕێوبەری پۆلیسی هەولێر (کەهاوکات سەرۆکی یانەی بروسکە) کامێراو کەلوپەلی ڕۆژنامەنووسی لێسەندراوە, دواتر بەهەوڵی هەندێك برادەر کامێراکەی بۆ گەرێندراوەتەوە بەڵام تا ئێستا فلاش میمۆریەکەی بۆ نەگەڕاوەتەوە وێرای ئەوەی هەڕەشەی لێکردووەو جنێوی ناشرینی پێداوە.

10. ڕۆژی 2011/10/24 کاتژمێر، چەند کارمەندێکی ئاسایشی سۆران، ڕێگەیان نەدا کە خۆپیشاندانی قوتابیانی پەیمانگای کۆمپیۆتەری سۆران، لەلایەن هیمداد قادر حەمەد، پەیامنێرو وێنەگری کەناڵی ئاسمانی knnڕوماڵبکرێت. هاوکات بەپێی قسەی ناوبراو ئەو کارمەندانەی ئاسایش ویستویانە کە پەلاماری بدەن و کامێراکەی بشکێنن و باجی پەیامنێری ببەن. دواتر لەبارەی ئەم پێشلکاریەوەو پاش ئاگادار کردنەوەی نوسینگەی سۆرانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کورستان، پەیوەندی بە قایمقامی سۆرانەوە کردو بەم شێوەیە ڕێگەیان بە پەیامنێرەکەدا کە ڕوماڵی خۆپیشاندانەکە بکات و بەمەش توانرا ئەو ڕۆژنامەنووسە، لەمەترسی کامێراشکاندن و دەست بەسەرداگرتن بپارێزرێت.

11. ڕۆژی 2011/10/24 لەلایەن بازگەی ناوپردان، ڕێگە لە وێنەگری KNN هیمداد قادر، دەگیرێت، کە وێنەی چەند تابلۆیەکی پرۆژەیەکی پەروەردەیی بگرێت، کە بە پێی قسەی ناوبراو ویستویەتی ڕوماڵی دواکەوتنی ئەو پرۆژەیە بکات، کە لە وادەی دیاری کراوی خۆی دواکەوتووە.

12. ڕۆژی 2011/11/7 بازگەی سەری بەردی ناحیەی سیدەکان، ڕێگری لە هەردوو تیمی کەناڵی ئاسمانی NRT و KNN کرد کە بۆ ئامادەکردنی چەند ڕاپۆرتێکی تەلەفزیۆنی لەسەر ژیانی ئاوارەکانی سیدەکان سەردانی ناوچەکەیان

کردبوو. پاشان دوای ناو تۆمار کردنیان لە بازگەکەو بە چەند تکایەك ئنجا ڕێگەیان پێدرا سەردانی ناوچەکە بکەن. هەردوو تیمە رۆژنامەنووسیەکە رایانگەیاند " جەماعەتی بازگە بە ئێمەیان وت ناتوانین ڕێگەتان بدەین، دواتر سەروی خۆیان ئاگادار کردەوەو ناویان تۆمار کردین ئەوکات ڕێگەیان پێداین.

13. رۆژی 2011/11/16 بۆ رووماڵکردنی خۆپیشاندانی قوتابیانی ئێوارانی زانکۆی دهۆك بۆ داواکردنی وەکو قوتابیانی رۆژ مامەڵیان لەگەڵدا بکرێت، هێرش دەکرێتە سەر (دۆسکی سەبری) پەیامنێری سپێدەو (نەشوان ساڵح یاسین گیزی) وێنەگری کەناڵی سپێدەو مایکی سپێدەیان لێ شکاندن.

14. رۆژی 2011/12/2 لەکاتی سووتاندنی بارەگای مەڵبەندی سێی یەکگرتوو لە دهۆك لەلایەن ئاسایشەوە هێرشکرایە سەر جووتیار جەعفەر وێنەگری سپێدەو دوای سووکایەتی پێکردنی کاسێتەکەیان لێسەند و تا ئێستاش کاسێتەکە لای ئاسایشە.

15. رۆژی 2011/12/3 دەزگاکانی ئاسایشی سلێمانی ڕێگریان لە پەیامنێران کەناڵەکانی راگەیاندن کرد، کە دەیانویست رووماڵی ئەو گردبوونەوەیە بکەن کە بڕیاربوو لەسەرای سلێمانی بەڕێوەبچێت کە بریتی بوون لە (هێمن مەحموود و تەلان کۆسرەت) لە (NRT)، (ئاکۆ محەمەد) لە رۆژنامەی (چاودێر)، (هێمن جەمیل) لە (KNN)، (زریان محەمەد لە رۆژنامەی (ئاوێنە)، (سەفین ئەحمەد) لە (PUK میدیا)، (هێمن زاهیر) لە (ئازادی تی ڤی).

16. رۆژی 2011/12/3 بە مەبەستی رووماڵکردنی گردبوونەوەی بەردەم مەکتەب سیاسی یەکگرتوو لە هەولێر، دژی سووتاندنی بارەگاکانی یەکگرتوو لە بادینان، لەلایەن پۆلیس و ئاسایشەوە ڕێگری لە ئاکار فارسی پەیامنێر و سامان مەلا وێنەگری سپێدە کرا و سووکایەتیان پێکرا.

17. رۆژی 2011/12/3 لــە کــاتی رومــاڵکردنی گردبوونــەوەی لایــەنگرانی یــەکگرتوی ئیســلامی لەشــاری هــەولێر رۆژنامــەنووس (دەربــاز ســاڵح) لەلایــەن هێزەکــانی ئاسایشــەوەکامێراو لاپتــۆپ و ریکــۆردەری لێدەســەندرێت,دوای دوو رۆژ بــە هــەوڵی بریــاردەری لیژنــەی داکــۆکی لــە ئــازادی رۆژنامەنووســی کەلوپەلەکانی لە ئاسایش وەردەگیرێتەوە.

18. رۆژی 2011/12/8 بۆ ئامادەکردنی رێپۆرتاژێك لەسەر پێکەوەژیانی ئایینەکان لە قەزای شێخان لەلایەن ئاسایشی قەزای ناوبراوەوە فشار دەخرێتە سەر تیمی سپێدە و بەناچاری تیمەکەی سپێدە نەیانتوانی کارەکانیان تەواو بکەن و گەڕانەوە هەولێر، کە پێکهاتبوون لە پەیامنێران (لوقمان شێروانی و هشیار عادل) و وێنەگران (زەردەشت خان و یاسر مستەفا) و (ئەبوبەکر رەحمان)ی شوفێر.

19. رۆژی 2011/12/12 لەکاتی رووماڵکردنی یاریی کۆتایی خولی زانکۆکانی کوردستان کە لەنێوان دوو تیپی زانکۆی دهۆك و زانکۆی سەلاّحەدین لەیاریگای نێودەوڵەتیی شاری سلێمانیدا بەڕێوەچوو، دوای دۆڕاندنی تیپی زانکۆی سەلاّحەدین، یاریزانانی ئەو تیپە هێرشیان کردە سەر داوەری یارییەکەو دوای ئەویش هێرشیان کردە سەر کامێرامان و پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی پەیام (عەبدوڵڵا موستەفا و ئەردەڵان موحەممەد)، ئەم دیمەنەش لەلایەن کامێرای ئاسمانی پەیامەوە تۆمار کراوە.

20. رۆژی 2011/12/21 دوای ئەوەی کە ژمارەیەك لە قوتابیانی ناحیەی سمیلان، خۆپیشاندانێکیان دژی نەبوونی مامۆستاو ئۆتۆمبێلی گواستنەوە ئەنجامدا. تیمی کەناڵی ئێن ئارتی و کەی ئێن ئێن، هەوڵ دەدەن کە رۆماڵی خۆپیشاندانەکە بکەن، بەلاّم لەلایەن ئاسایشی ناحیەی سمیلان، وێڕای ئەوەی کە

ناهێڵن تیمە رۆژنامەنووسییەکە رووماڵی خۆپیشاندانەکە بکات، ئەوە بە پێی قسەی پەیامنێری کەناڵی کەی ئێن ئێن، ئاسایشی سمیلان، هەوڵی شکاندن و دەسبەسەرکردنی کامێراکەی داوەو پاشان ئاراستەی خۆپیشاندانەکە بەرەو لای راگەیاندنەکان هاتووەو و بەو هۆیەوە توانراوە لەلایەن تیمەکەوە، وێنەی خۆپیشاندانەکە بگیرێت.

## دەستگیر کردن

1. ڕۆژی 2011/6/28 بەبریاری دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی حاجیاوە ڕۆژنامەنووس (بڵند مستەفا) سەرنووسەری گۆڤاری ململانێ لەسەر بڵاوکردنەوەی بابەتێك لەژمارە (10) ئەو گۆڤارە لەبارەی کێشەی نێوان کۆمپانیایەك و شارەوانی شارۆچکەی شکارتە بۆماوەی یەك ڕۆژ بریاری راگرتن(توقیف)ی دەدرێت,دوای دانی بڕی (20 ملیۆن دینار) بە کەفالەت ئازاد دەکرێت.

2. ڕۆژی 2011/8/25 لە بە ئامانجی رووماڵکردنی تێبینی هاووڵاتییان لە وەرگرتنی مووچەی خانەنشیانی شۆڕشی ئەیلوول لە لقی خانزادی بانکی رەشید لە شاری هەولێر، رێگری لە تیمیی کەناڵی سپێدە گیراو هەر یەك لە ئاکارو فارسی پەیامنێر و سامی ساڵحی وێنەگری سپێدە لەلایەن پاسەوانانی بانکەکەوە دەستبەسەر دەکرێن و بۆ ماوەی نیو کاتژمێرو بەڕێوەبەری بانکیش رێگریان لێدەکات و دواتر ئازاد دەکرێن.

3. بەپێی سکاڵایەك کە دراوەتە لێژنەی داکۆکی، لەکاتی رووداوەکانی بادینان ژمارەیەك لە رۆژنامەنووسانی دەزگا راگەیاندنەکانی یەکگرتووی ئیسلامی لەلایەن هێزەکانی ئاسایش دەستگیرکراون، کە ئەمانەن.

1. حەسەن یاسین عەبدوڵڵا – بەڕێوەبەری رادیۆی خابوور.
2. ئیسلام سەعدی عەلی – یاریدەدەری بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی خابوور.
3. نورسی رەمەزان فەتاح، مۆنتێری تەلەفزیۆنی خابوور.
4. دلبرین حاجی ئەحمەد – مۆنتێری تەلەفزیۆنی خابوور.
5. دلبرین یوسف میرزا – وێنەگری تەلەفزیۆنی خابوور.
6. ئوسامە نەسەرەدین سەعید – وێنەگری تەلەفزیۆنی خابوور.
7. حەکیم حوسێن کورکۆ – دەرهێنەری رادیۆی خابوور.

8. ماهیر سەکڤان رەمزی – نووسەری هەواڵەکان لە رادیۆی خابوور.

9. سامر عوبێد سەعید – مۆنتێری تەلەفزیۆنی خابوور.

10. یوسف سەلیم عەبدوڵلا – پێشکەشکاری بەرنامە.

11. بیلال جومعە مەسیحا – وێنەگری کەناڵی ئاسمانی سپێدە.

12. عەبدوڵلا ئەحمەد حاجی – وێنەگری کەناڵی ئاسمانی سپێدە.

بەڵام تاکاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، لەکۆی ئەم (11) رۆژنامەنووسە، تەنیا رۆژنامەنووس (عەبدوڵلا ئەحمەد حاجی) لە زیندان ماوەتەوە، ئەوانی دیکەش بە هەوڵی لیژنەی داکۆکی و لایەنەکانی دیکە ئازاد کران.

4. رۆژی 2011/12/3 (خەتاب عومەر) پەیامنێری زاخۆ بۆ رووماڵکردنی هەواڵەکان، لەلایەن هێزەکانی ئاسایش ئەو شارەوە دەستگیر کراوەو هەتا ئێستاش ئازاد نەکراوە.

## لێدان

1. رۆژی 2011/7/13 لە رانیە رۆژنامەنووسان (فەرمان مەلا حەسەن و عومەر عەلی خدر) لەکاتی وێنەگرتنی مەلەوانگەی رانیە، لەلایەن چەند کارمەندێکی مەلەوانگەکە سووکایەتیان پێدەکرێت و لێیان دەدرێت و کامێراو باجی رۆژنامەی (رووداو)یان لێدەستێنن، دواتر لە هەوڵی بەرپرسی (جی سی سی) رانیە کەلوپەلەکانیان بۆ دەگەڕێننەوە.

2. رۆژی 2011/8/11 لە گەڕەکی رزگای شاری سلێمانی لەلایەن پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانەوە هێرش دەکرێتە سەر رۆژنامەنووس (هێمن کەریم) سەرنووسەر گۆڤاری (فشار) و لێی دەدرێت و بە قسەی ناوبراو ئەشکەنجەی دەدەن.

3. رۆژی 2011/8/29 لە شاری سلێمانی، هێرش کرایە سەر رۆژنامەنووس (ئاسۆس هەردی) بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئاوێنە، لە ئەنجامی هێرشەکەدا چەندین شوێن لەسەری بریندار دەبێت و دەیبەنە نەخۆشخانە بۆ چارەسەر کردن.
دواتریش دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس دەستیانکرد بە لێکۆڵینەوە لە رووداوەکەو دەستگیرکردنی چەند کەسێك، بەڵام تا ئێستا بە تەواوەتی کێشەکە لەلایەن دادگاوە یەکلا نەکراوەتەوە.
لەم بارەیەوە وەفدێکی ئەنجوومەنی سەندیکا و لێژنەی داکۆکی سەردانی (ئاسۆس هەردی)یان کردو هەموو ئامادەیی و هاوکارییەکیان بۆ ناوبراو دەربڕی.

4. رۆژی 2011/10/19 لە میانەی رووماڵکردنی خۆپیشاندنی قوتابیانی سەرسەنگی سەر بە پارێزگای دهۆك بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خوێندن، لەلایەن ئەفسەرێکی پۆلیس، هێرشکرایە سەر هەریەك لە پەیامنێر (مصعب

عبدالعزیز خالد) و (مراد فوئاد جەمیل) وێنەگر و هاوکارییان (عمار عەبدوڵڵا محەمەد)، لە ئاکامدا لێی دەدرێت.

5. رۆژی 2011/11/17 بە مەبەستی رووماڵکردنی مانگرتنی پزیشکان لە نەخۆشخانەی دهۆك، پۆلیس و پاسەوانانی نەخۆشخانەکە رێگرییان لە تیمی کەناڵی سپێدە کردو باجەکانیشیان لیٚ سەندوون، لەلایەن بەرپرسانی نەخۆشخانەکەش هێرشکرایە سەر (دۆسکی سەبری پەیامنێر، موراد فوئاد وێنەگر) کە چەندین پێلەقەیان لە وێنەگرەکە داوەو کامێراکەیان لیٚ شکاندووە.

6. رۆژی 2011/12/2 لەکاتی سووتاندنی بارەگای مەڵبەندی سێی یەکگرتوو لەلایەن ئاسایشەوە هێرشکرایە سەر موراد فوئاد وێنەگری سپێدە لە دهۆك و دوای ئەوەی بە پێنج ئاسایش ئەشکەنجەی دەدەن، کامێرا و کاسێتەکەی لێدەستێنن و تا ئێستاش کامێراکە لەلایەن ئاسایشەوە دەستبەستەر کراوە.

7. بەپێی سکاڵایەك کە دراوەتە لێژنەی داکۆکی، شەوی 2\3/12/2011 رۆژنامەنووس (سیپان سالم ئامێدی) پەیامنێی کەناڵی (NRT) لەلایەن هێزەکانی زێرەڤانی لە سێمێل دووچاری لێدان دەبێتەوە.

8. رۆژی 2011/12/3 بەرپرسی نووسینگەی جەزیرە لە هەرێمی کوردستان (ئەحمەد زاوێتی) و وێنەگر (ئەحمەد مەلا) لەکاتی رووماڵکردنی رووداوەکانی بادینان لەلایەن هێزەکانی زێرەڤانی دووچاری لێدان دەبنەوە.

9. بەپێی سکاڵایەك کە دراوەتە لێژنەی داکۆکی، رۆژی 2011/12/4 پەیامنێری سایتی کورد یو، لەشاری سلێمانی (دیار فاروق) لەکاتی رووماڵکردنی سووتانی سەنتەرێکی مەساج لەسەر شەقامی بازنەیی مەلیك مەحمود، لەلایەن هێزێکی

ئاسایشی سلێمانییەوە هێرشی دەكرێتە سەرو لێی دەدرێت و ئینجا دەستگیر دەكرێت و دەگوازرێتەوە بۆ ئاسایشی بەختیاری.

## سووتاندن

1. رۆژی 2011/12/2 لە كاتی رووداوەكانی شاری زاخۆ، هەر یەك لە نووسینگەی كەناڵی سپێدەو تەلەفزیۆن و رادیۆی خاپووری لۆكاڵی لە زاخۆ سووتێندران.

2. رۆژی 2011/12/2 نووسینگەی كەناڵی ئاسمانی سپێدە لەزاخۆ بە تەواوی سووتێندرا بە كۆی كەل و پەلەكانییەوە.

3. رۆژی 2011/12/3 هەریەك لە كەناڵەكانی رادیۆ و تەلەفزیۆنی یەكگرتوو و رادیۆی دەنگی قورئان و نووسینگەی سایتی (كورد یو) لە دهۆك سووتێنران.

## سزادان ( غرامه )

1. رۆژی 2011/10/31 دادگای بەرایی خەلیفان، سزای 50 ملیۆن دیناری سەپاند بەسەر ئیسماعیل ئیبراهیم، سەرنووسەری هەفتەنامەی زاری کرمانجی، ئەم سزایەش دوای تۆمارکردنی سکالآیەکی دادگای سۆران هات، کە لەسەر رۆژنامەنووسی ناوبراوی تۆمارکردبوو. بەهۆی بلأکردنەوەی سکالآی هاولأتیەك لەهەفتەنامەی زاری کرمانجی. دوای ئەوەی کە ئیسماعیل ئیبراهیم رایگەیاند ئەو پارەیەی نیە بیدات. بۆماوەی 5کاتژمێر لەلایەن بنکەی پۆلیسی خەلیفان دەسبەسەرکراو پاشان بە کەفالەتی 10ملیۆن دینار ئازاد کرا. لەبارەی ئەم سزایەش نوسینگەی سۆرانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بە توندی دژی ئەو بڕیارەی دادگای خەلیفان وەستایەوە. ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی کە ئێمە لە نوسینگەی سۆرانی سەندیکای رۆژنامەنووسانین، دژی جێبەجێکردنی یاساین، بەڵکو ئێمە پێمان وابوو کە ئەو دادوەرە پێشێلی یاسای کاری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کردوەو بڕیارێکی ناداپەروەرانەی بەسەر سەرنوسەرو دەزگای زاری کرمانجیدا سەپاندبوو. چونکە بە پێی ماددەی نۆیەم، بڕگەی سێی یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان توندترین سزا بۆ سەرنوسەرو دەزگاکە نابێت لە بیست ملیۆن زیاتر بێت.

2. رۆژی 2011/12/7، ئاکۆ محەمەد، سەرنووسەری رووداو، ئیسماعیل ئیبراهیم سەرنووسەری زاری کرمانجی، هەریەکەو بەبڕی 7ملیۆن دینار، لە لایەن دادگای بەرایی سۆران، سزادران. هاوکات هاولأتیەکیش کە لە راپۆرتەهەواڵەکەدا بۆچوونی وەرگیرابوو بەبڕی یەك ملیۆن دینار سزادرا. سەپاندنی ئەم سزا داراییەش بەسەر هەردوو هەفتەنامەی روداوو، زاری کرمانجی، پاش بلأوبوونەوەی هەواڵێك هات لە هەردوو هەفتەنامەدا، کە تیایدا باس لە داخستنی مەیخانەی رەواندز کرابوو، بەپێی بڕیارێکی دادگای رەواندز. ئەم بڕیاری

سزادانەش دوای تۆمارکردنی سکاڵایەك هات کە لەلایەن دادوەرێکی ڕەواندز، دژی هەردوو هەفتەنامەکە تۆماریکردبوو. بڕیاری کۆتای دادگاش دوای ئەنجامدانی چوار دانیشتن، دەرچوو

## داخستنی دۆسیە

1. لەسـەر بڵاوکردنـەوەی بابـەتێکی لـە ڕۆژنامـەی (وار) لـە دهـۆك، ڕۆژنامـەنووس (غانــدی خەلــەف عبوزیــد) بــەبڕی یــەك ملیــۆن دینــار ســزا دران ســەرەڕای دەستبەرداربوونی داخوزا لەسەر سکاڵاکەی، دوای تەمیزکردنەوەی کەیسـەکە، بـڕی پارەکە دراوەتەوە بە ڕۆژنامەنووسی ناوبراو لە ڕۆژنامە (وار).

2. دوای تۆمـارکردنی سـکاڵا لەلایـەن هاوڵاتییەکـەوە لەسـەر ڕۆژنامـەنووس (فـازڵ عومەر)، سەرنووسەری ڕۆژنامە (وار) و (سەردار کێستەیی) دوای چەندین دانیشتنی دادگا، دۆسیەکە داخرا لەبەر نەبوونی بەڵگەی پێویست.

## هەڕەشە

1. رۆژی 2011/12/2 بەهۆی هەڕەشەی دەستگیرکردنی پەیامنێری سپێدە فەرهاد سندی لەلایەن ئاسایش و پۆلیسی زاخۆ، بەوتەی ناوبراو ناتوانێ بچێتەوە سەر کارەکەی.

جێگای باسە چەندین رۆژنامەنووس بە مۆبایل هەڕەشی جۆراوجۆریان لێکراوە، لەم بارەیەوە لێژنەی داکۆکی بە نووسراوی فەرمی لایەنی پەیوەندیداری لێ ئاگادار کردۆتەوە بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ کەیسەکانیان بکەن.



| | | | |
|---|---|---|---|
| **ئەنوەر حوسێن** | **سکرتێری لیژنە** | 07701535029 | a_bazgr@yahoo.com |
| **جەمال حوسێن** | **بڕیاردەری لیژنە** | 07504026878 | Jamal_khailani@yahoo.com |
| **خۆشناڤ جەمیل** | **ئەندام** | 07504509838 | Khoshnav4@hotmail.com |



**لێژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و**

**مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان**

2011/12/27

## سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

## ئیدانەی هێرشکردنە سەر رۆژنامەنووس "ئاسۆس هەردی" دەکات

ئێوارەی 29ی ئاب کەسێکی نەناسراو هێرش دەکاتە سەر رۆژنامەنووس "ئاسۆس هەردی" لەنزیك بارەگای کۆمپانیای ئاوێنە، لەئەنجامدا برینداری دەکات.

ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بەتووندی هەموو هێرشێك بۆسەر هەر رۆژنامەنووسێك بەهەر بیانووێکەوە بێت ئیدانە دەکاتو بەتایبەتی ئەو دەستدرێژییەی کە کراوەتە سەر رۆشنبرو رۆژنامەنووس ئاسۆس هەردیو بەتووندی ئیدانەو شەرمەزاری دەکات، لەهەمانکاتدا داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان لە پۆلیسوئاسایشی پارێزگای سلێمانی دەکات کە بەزووی دەست بەلێکۆڵینەوە بکەنو ئەنجامدەری ئەم تاوانە دەستگیر بکەنو رووبەڕووی دادگای بکەنەوە.

هەروەها ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان رایدەگەیێنێت کە بەشێوەیەکی بەردەوام چاودێری رەوشی ئازادی کاری رۆژنامەنووسیو سەلامەتی رۆژنامەنووسان دەکاتو بۆهەر هەنگاوێکی سەلبی لە دژی رۆژنامەنووسان هەڵوێستی پیشەیی خۆی رادەگەێنێتو داکۆکیکارێکی هەقیقی دەبێت لە ئازادی رۆژنامەنووسیو مافی رۆژنامەنووسانی کوردستان، وەك چۆن لەرابردووشدا داکۆکی لەهەموو رۆژنامەنووسانی کوردستان کردووە بەبێ جیاوازی.

**ئەنجومەنی سەندیکای**
**رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**هەولێر 20ی ئابی 2011**

## سوتاندنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی
## لە بادینان مەحکوم دەکەین

لەکاتێکدا خەڵکی کوردستان بەئومێدەوە چاوەڕوانی دەکرد بارودۆخی کوردستان بەرەو هێمنی و سەقامگیری زیاتر بڕوات, بەداخەوە ئێوارەی دوێنێ هەینی ٢٠١١/١٢/٢ لەدۆخێکی نەخوازراودا هێرش کرایە سەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی لە زاخۆ و دهۆک و سوتێندران و چەند ڕۆژنامەنووسێکیش لێیان دراو ڕێگریان لێکرا لە رووماڵکردنی ڕووداوەکان و کامێراو پێداویستییەکانی ڕۆژنامەوانیان لێسەندرا. ئێمە لە لێژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان وێڕای ئەوەی ئەو هێرش و پەلامارانە بۆ سەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی مەحکوم دەکەین کە ئەمە پێشێلکاریەکی ڕاستوخۆی یاسای ڕۆژنامەگەرییە لە کوردستان, لە هەمان کاتدا داوا لە هەرسێ سەرۆکایەتی (هەرێم و پەرلەمان و حکومەت) و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین کە هەرچی زووە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی ورد بۆ ئەو پێشێلکارییانەی کە بەرامبەر بە میدیاکاران و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی کراوە لەدەڤەرەکە بکەن و ئەنجامدەران و ئەوانەی لەپشت ڕووداوەکان بوونە دەستگیر بکرێن سزای یاسایی بدرێن. وەکو پێشتر چەندین جار رامان گەیاندووە کە نابێت کێشەو گرفت و ململانێیە سیاسیەکان تێکەڵ بە کاری ڕاگەیاندن و مێدیا بکرێت و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بسوتێندرێن باجی قەیران و ململانێیە سیاسیەکان بدەن.

**لێژنەی داکۆکی لەئازادی ڕۆژنامەنووسی و**
**مافی ڕۆژنامەنوسان لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**
**شەممە** 2011/12/3